Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 7 Issue 1 Article1

# Dimensions of competition between the United States and the People's Republic of China during 2018-2024

**Choman Namq Hamad**

*Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences.*

**Omar Ali Rashid**
*Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Choman,N.H.& Omar.A.R, 2026 Dimensions of competition between the United States and the People's Republic of China during 2018-2024. Mitanni Journal, 7(1), Article 01
DOI: 10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp1-28
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

ORIGINAL ARTICLE

# Dimensions of competition between the United States and the People's Republic of China during 2018-2024

Choman Namq Hamad [1], Omar Ali Rashid [2]

[1&2] Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences.

Abstract

This study examines the dimensions of the US-China rivalry as a pivotal issue in analyzing the ongoing changes in the contemporary international system. Its significance stems from several contemporary issues that highlight the essence of the international balance of power. Practically speaking, its importance lies in analyzing the competing responses of the United States and China to international stability and the future of the global order. This paper aims to analyze the dimensions of this rivalry, identify its political, economic, and technological repercussions, and predict its potential outcomes.

This study addresses several key questions, most notably the future positions of the United States and China within the international system and the design of a new multipolar world order.

This research employs several academic methodologies, including descriptive analytical and future-oriented approaches. It comprises three main sections: first, the theoretical framework; second, the issues of conflict between the United States and the People's Republic of China; and third, the future of US-China relations. The study concludes that the world currently faces two main paths: the first is the construction of a new world order characterized by balance and stability, involving a transfer of power among influential states, including the United States and China. The second scenario is the continuation of unchecked conflict and competition, which could lead to global chaos that weakens all parties indiscriminately. Between these two paths, the decisions and strategies of the major powers will remain a crucial factor in shaping the world in the coming decades.

**Keywords:** Power shifts, United States, China, competition.

Received18 October 2025; accepted 09 March 2026.
Available online 01 June 2026
* Corresponding author
E-mail address: Choman.hamad@su.edu.krd
*10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp1-28*
*2707-7799/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# Dimensions of competition between the United States and the People's Republic of China during 2018-2024

**AI usage declaration**

As authors, we declare that no AI tools were used in the creation of the content of this research.

**Author contribution**

The team has collectively contributed to every section and aspect of this study.

**Ethics information**

We did not need ethics approval for this research.

**Data availability statement**

All the data we used or created is included in this published research.

**Funding information**

No funding was received to conduct this research.

**Conflict of interest**

As author  we confirm that there is no conflict of interest.

**Acknowledgements**

We would like to thank the “Dimensions of competition between the United States and the People's Republic of China during 2018-2024”.

**Original article?**

Original article.

## ڕەهەندەکانی کێبرکێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکۆماری چینی میللی لەماوەی ساڵانی ۲۰۱۸-۲۰۲٤

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ڕەهەندەکانی کێبرکێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری چینی میللی وەک پرسێکی سەرەکی لە شیکردنەوەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا دەکۆڵێتەوە، و گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند پرسێکی هاوچەرخەوە سەرچاوە دەگرێت کە تیشک دەخاتە سەر ناوەکی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی و بەشدارە لە ڕوونکردنەوەی داینامیکی سەرهەڵدانی زلهێزە گەورەکان و کەمبوونەوەی هەژموونی تاکجەمسەری. بە شێوەیەکی پراکتیکی گرنگییەکەی لە شیکارییەکانیدایە بۆ کاردانەوەکانی کێبرکێی ئەمریکا و چین لەسەر سەقامگیری نێودەوڵەتی و داهاتووی سیستەمی جیهانی. ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی ئەم کێبرکێیە و دەستنیشانکردنی کاریگەرییە سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژییەکانی و پێشبینیکردنی دەرئەنجامە ئەگەرییەکانی.

ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیاری زانستی خستۆتەروو کە، دیارترینیان بەجەستە دەبێت لە ئاییندەی پێگەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا چۆن دەبێت؟، وگریمانەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە هەڵومەرجی کێبرکێ و ملمڵانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی هەردوو لایەن بچنە ناو شەڕێکی ساردی نوێ و ڕانەگەیەندراو، و لە دەرئەنجامدا هەوڵدان بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیستەمێکی نوێی فرە جەمسەری جیهانی.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە چەند میتۆدێکی ئەکادیمی لەوانە(شیکاری – وەسفی، وئاییندەگەرایی)، ئەم توێژینەوەیە لە سێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری ، وباسی دووەم: پرسەکانی ملمڵانێی لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکۆماری چینی میللی ، وباسی سێیەم: ئایندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکۆماری چینی میللی ، لەکۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە بە دیاترین دەرئەنجام: لە ئێستادا جیهان لەبەردەم دوو ڕێگای سەرەکیدا دەمێنێتەوە: یەکەمیان بنیاتنانی سیستەمێکی نوێی جیهانییە کە بە هاوسەنگی و سەقامگیری تایبەتمەندە کە تێیدا خۆی دەبینێتەوەلەگواستنەوەی هێز لەنێوان وڵاتە کاریگەر وبەهێزەکان لەنێویشیاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین، کە بەشێوەیەک کێبرکێی نێوان زلهێزەکان بەرپرسیارانە بەڕێوەدەبرێت و بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو وڵاتان مسۆگەر دەکرێت، دووەمیان بەردەوامبوونی ململانێ و کێبرکێی کۆنترۆڵنەکراو، کە دەکرێت ببێتە هۆی ئاژاوەی جیهانی کە بێ جیاوازی هەموو لایەنەکان لاواز بکات، لە نێوان ئەم دوو ڕێبازەدا بڕیار و ستراتیژی زلهێزەکان وەک فاکتەری یەکلاکەرەوە دەمێنێتەوە بۆ دیاریکردنی شێوەی جیهان لە دەیەکانی داهاتوودا

**کلیلە ووشەکان:** گۆڕینی هێز، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چین، کێبرکێکاری.

### پێشەکی

پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین لە دوای جەنگی ساردەوە بە مۆدێلێکی ناوازە دادەنرا، تەنانەت ئاڵۆزترینیش بوو، ئەم پەیوەندییە گرژییەکانی بەرجەستەکردبوو لە ململانێ، کێبرکێ، ناکۆکی و کۆدەنگی، ئەم دژایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو پرسە مشتومڕاویانەی کە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات خراپتر دەکەن، وەک کێبرکێی ئابووری و بازرگانی و ناکۆکی لەسەر پرسە ناوچەییەکان، وەک تایوان، هەروەها گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە پەرەسەندنی کێبرکێ لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا و ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا زیاتر تەشەنەی کرد، وگەشەسەندنی پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی چین، بەدواداچوون بۆ باڵادەستی تەکنەلۆژی، و خواستەکانی بۆ سەرکردایەتیکردنی ئابووری جیهانی لەڕێگەی جێبەجێکردنی پلانە هەمەلایەنە و پەرەپێدانی ڕۆڵی خۆی، دیارترینیان "پرۆژەی چین ۲۰۲۵" ناسراوە بە پشتێنەی دەستپێشخەری، هەموو ئەو هۆکارانەن کە بوونەتە مایەی ترس و نیگەرانی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییەکانی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، زۆرجار وەک فاکتەری سەرەکی کاریگەری دادەنرێت لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هێزی هەژمووندار هەوڵدەدات پێگەی خۆی لە لوتکەی سیستەمی جیهانیدا بپارێزێت، لەکاتێکدا چین وەک هێزێکی نوێی سەرهەڵدەدات، هەوڵدەدات شێوازی نۆرمی پەیوەندییەکانی هێز بگۆڕێت.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم بابەتە لە گرنگی زانستی و پراکتیکییەکەیدایە:

لەڕووی زانستی: گرنگی ئەم بابەتە پەیوەندی بە هەنووکەیی ونوێگەری بابەتەکەدایە، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا بووەتە جێگەی سەرنج وتێڕامان، بە تایبەتی لە نێو توێژەران و ئەکادیمییەکان، کە هەوڵدەدەن دیاری بکەن کێ زاڵ دەبێت بەسەر کێدا.

لەڕووی پراکتیکی:لێکۆڵینەوە و شیکارییە کە سروشتی پەیوەندییەکانی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دیدگای هەر لایەنێک بۆ ئەوی دیکە دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەوڵدەدات لە ژێر ڕۆشنایی گرژی و ڕکابەری نێوان چینێکی یاخیبوو کە داکۆکی لە فرە جەمسەری دە کات، و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات بۆ چەسپاندنی هەژموونی تاکجەمسەری لە نۆرمی سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەرجەستە دەبێت لە پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لەسەر دۆخی ملمڵانێ و کێبرکێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، و پرسە ناکۆکیەکانی نێوانیان، وپشت بەو ئارگیومێنتانە دەبەستێت کە پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت دەخاتەڕوو کە بەرەو شەڕێکی سارد و نوێ هەنگاو دەنرێت، ئەمەش بە تایبەتی دوای سەرهەڵدان و فراوانبوونی ڕۆڵی چین وەک هێزێکی بەرپەرچدانەوە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا وکشانەوەی ڕێژەیی هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی لە سەردەمی ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکادا، ئەمەش وا دەکات ڕوونکردنەوە و تیشک خستنە سەر ئەم پرسانە زۆر گرنگ

بێت، کە ئەو سیاسەتانەی چین پراکتیزەیان دەکات بۆ ئەوەی خۆی وەک پێشەنگێک لە سیستەمی جیهانیدا جێگیر بکات وهەژموونی خۆی بسەپێنێت، بەم شێوەیە پرسیار لەبارەی ئەگەری سەرهەڵدانی سیستەمێکی جیهانی فرە جەمسەری نوێ دروست دەکات.
**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێک لە خۆدەگرێت:
پرسیاری سەرەکی :
ئایندەی پێگەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا چۆن دەبێت؟
پرسیاری لاوەکی:
١-ئایا پرسە ناکۆکیەکان و ململانێ وهەڵومەرجی ڕێکنەکەوتنی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، کە چوونەتە ناو شەڕی ساردی نوێ، دەبێتە هۆی دووبارە داڕشتنی سیستەمی جیهانی و دروستکردنی جیهانێکی فرە جەمسەری؟
٢- ئەم ڕکابەرییە چۆن کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی دەبێت؟
ئایا سەرهەڵدانی چین بەشدارە لە گۆڕانکاری بەرەو سیستەمێکی نێودەوڵەتی فرە جەمسەری؟
**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژینەوەکەمان بەمشێوەیەیە:
هەڵومەرجی کێبڕکێ و ملمانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی هەردوو لایەن بچنە ناو شەڕێکی ساردی نوێ و ڕانەگەیەندراو، و لە دەرئەنجامدا هەوڵدان بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیستەمێکی نوێی فرە جەمسەری جیهانی.
**ڕێبازی توێژینەوە**
لەم توێژینەوەیەدا پشت دەبەستین بە دووڕێبازی زانستی، بەمشێوەیە:
-ڕێبازی وەسفی-شیکاری: بە تایبەتی کاتێک باس لە توێژینەوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت، لە ڕێگەیەوە لایەنە جیاوازەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان باس دەکەین، لێرەدا باس لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین، بەو پێیەی ئەوان دوو زلهێزی دیارن کە بە دەسەڵاتی سەربازی و ئابووری خۆیان کێبرکێی کۆنترۆڵکردنی جیهان دەکەن.
-ڕێبازی ئایندەگەرایی: بۆ خستنەڕووی گرنگترین سیناریۆکانی ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین.
**چوارچێوەی تیۆری:**
چەمکی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکان سەیر دەکرێت، بەو پێیەی خاوەندارێتی هێز پێوەرێکی سەرەکییە بۆ پێوانەکردنی کاریگەری و کاریگەریکردنە سەر دەوڵەتان، سیستەمی نێودەوڵەتی ئیتر بە یەک جەمسەر زاڵ نییە؛ بەڵکو شایەتحاڵی دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزەکانە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێت ڕکابەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن، دیارترینیان چینە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان چەمکی هێز و توانای دەوڵەتێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکانی، کە بەردەوامی گەشەسەندنی تواناکانی چین، پاڵنەرەکانی بۆ دووبارە داڕشتنی سیستەمی نێودەوڵەتی بەهێزتر دەکات، ئەمەش وای لێکردووە توانا سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی لە بەرامبەر کاریگەرییەکانی ئەمریکادا بەهێزتر بکات.
لە چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین شیبکەینەوە بە خستنەڕووی تیۆری گواستنەوەی هێز.
**توێژینەوەکانی پێشوو**:چەندین توێژینەوە دەربارەی ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا هەن ، بەلام لێرەدا دەتوانین تەنها ئاماژە بەگرنگترین ئەم توێژینەوانە بدەین کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر دۆخی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدراون.بەم شێوەیەی خوارەوە:-
**سەرچاوەی یەکەم:**
Stephanie ChristineWinkler, Strategic Competition and US–China Relations:A Conceptual Analysis, The Chinese Journal of International Politics, ,Vol. 16, No. 3., 2023:
ئەم توێژینەوەیە باس لە چەمکی "کێبڕکێی ستراتیژی" لە نێوان ئەمریکا و چیندا دەکات کە وڵاتی چین وەك "کێبرکێی ستراتیژی" بۆ ئەمریکا دەستنیشانکرا، کە زاراوەی "کێبرکێی ستراتیژی" بووە ناوەندی هەوڵە سیاسەتییەکانی ئیدارەی بوش بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بەدواداچوونی دەسەڵاتی سەربازی و خۆڕاگری و هەژموونی ئەمریکا. لە دوای ئیدارەی ترەمپ لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٠ەکانەوە، "کێبڕکێی ستراتیژی" بووەتە ئامانجێک کە ئەمریکا و چین بەدوایدا دەگەڕێن نەک شتێک کە بەڕێوەدەبرێت. لەکۆتاییدا توێژەر دەگات بەوەی "کێبرکێی ستراتیژی" نابێت ئەم چەمکە و ماناکەی بە شتێکی ئاسایی وەربگیرێت، بابەتەکە ناجێگیری ئەم زاراوەیەی نیشان دا، لە ڕووی مانا و پەیوەندییە جیاوازەکانییەوە لە سەرانسەری قۆناغە جیاوازەکاندا.. بەم شێوەیە، بابەتەکە باس لە هەندێک لە لاوازییەکانی ئەدەبیات دەکات سەبارەت بە "کێبڕکێی ستراتیژی"، هەندێک لە ناڕوونییە چەمکییەکانی دەرئەنجامی کەم دەکاتەوە، و تێگەیشتنێکی قووڵتر لە "کێبڕکێی ستراتیژی" دابین دەکات کە ئاڵۆزیی و پەیوەندی یەکتری زاراوەکە بەرز دەنرخێنێت.
**سەرچاوەی دووەم: فرانسوا غودمو، العلاقات الصينية-الأميركية: الجذور التاريخية والمستقبل الغامض، مركز الجزيرة للدراسات، 2013:**
توێژەر لە توێژینەوەکەیدا تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان چین و ئەمریکا بە پێکهێنانی کۆماری گەلی چین لە قاڵب درا و ڕەگ و ڕیشەی بۆ ساڵی ١٨٩٩ دەگەڕێتەوە کاتێک واشنتۆن بانگەشە بۆ سیاسەتی "دەرگای کراوە" دەکرد، کە ڕێگەی بە هەموو زلهێزە بیانییەکان دەدا بەبێ ئیمتیاز بگەنە چین. پەیوەندییەکە چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا گەیشتە لوتکە کاتێک ئیدارەی سەرۆک جیمی کارتەر دانپێدانانی دیپلۆماسی لە تایوانەوە گۆڕی بۆ چین، دان بە سیاسەتی "یەک چین"دا نا. دوای قەیرانی تایوان لە ساڵی ١٩٩٦دا، کاتێک چین مووشەکی بالیستیکی لە کەناراوەکانی دوورگەکەدا تاقیکردەوە، گرژییەکان جارێکی دیکە

بەرزبوونەوەیانەوە دوای سەرکوتکردنی دڕندانەی دەسەڵاتدارانی چین بۆ نارەزایەتییەکانی گۆڕەپانی تیانانمەن لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٩ هۆکارەکان، دیارترینیان ئاستی متمانەی نێوان هەردوو وڵات، کە هەریەکەیان ترسیان لە گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی ئەوی دیکەدا هەیە، و مۆدێلە جیاوازەکانی حوکمڕانییان. بەڵام هەردوو وڵات ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی ئەو کێبڕکێیە دەکەن، چونکە باش دەزانن کە بەدیلەکە ململانێیە.لە کۆتاییدا توێژەر گەیشت بەوەی، لە واقیعدا هەردوو وڵات بەردەوامن لە هاوکارییەکانیان لەسەر کۆمەڵێک بابەتی بەرفراوان. ئەمریکا هەوڵەکانی چینی لە سەرانسەری جیهاندا قبوڵ کردووە بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی وزە و ماددە خاوەکانی، تەنانەت لەم دواییانەشدا دەرگاکانی بەڕووی وەبەرهێنانی چینیدا لەم کەرتەدا کردووەتەوە.

**سەرچاوەی سێیەم: Simona A. Grano,China-US Strategic Competition: Impact on Small and Middle Powers in Europe and Asia, the Swiss National Science Foundation, Switzerland,2025**

توێژەر ئاماژەی داوە بەوەی کە، پەیوەندی نێوان ئەمریکا و چین لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا تا دێت ئاڵۆزتر بووە، ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا سیاسەتێکی دەرەوەی ڕووبەڕووبوونەوەتری بەرامبەر چین پەیڕەوکرد و سەرۆک جۆ بایدنیش تارادەیەکی زۆر ڕێبازی سەرۆکەکەی پێش خۆی پاراستووە، ئیدارەی ترەمپ زیانێکی زۆری بەم پەیوەندییە گەیاند، شەڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵاتی توندتر کرد و کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر ئابووری جیهانی هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەکین پاشەکشەی نەکردووە.

لە کۆتاییدا توێژەر گەیشت بەوەی، خستنەڕووی سیناریۆی سیناریۆیانە ئەوە دەردەخەن کە چۆن هەڵبژاردنە ستراتیژییەکان دەتوانن چین یان ئەمریکا بەرەو دەرئەنجامە تارادەیەک باشترەکان ئاراستە بکەن. ئەمەش دوورمان دەخاتەوە لە مشتومڕی هاوچەرخ سەبارەت بە "داکشانی ئەمریکا" یان "لوتکەی دەسەڵاتی چین" و ناچارمان دەکات لە دەرەوەی سندوق و دەرەوەی چوارچێوەی هەژموون بیربکەینەوە، ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات بەدواداچوون بۆ سیستەمی جیهانی دیکە بکەین کە دەتوانن دەیان ساڵی داهاتوو لە قاڵب بدەن.

جیاوازی ئەم توێژینەوانە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمەلەوەدایە تاوەکو ئێستا هیچ ناونیشانێك، یان لێك نزیكبوونەوەیەك لەم ناونیشانە نەبووە و ئەنجام نەدراوە، یان هاوشێوەی بابەتەکەی ئێمە بێت ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، توێژینەوەکەمان لەگەڵ توێژینەوەکانی تر جیاوازە.

**پەیکەری توێژینەوە:**ئەم توێژینەوەیەلە سێ باس ودەرئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکدێت، بەمشێوەیە:باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

باسی دووەم: پرسەکانی ملمڵانێی لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکۆماری چینی میللی

باسی سێیەم: ئایندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکۆماری چینی میللی

## باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان زلهێزەکان، یەکێکە لە ئاڵۆزترین دیاردەکانی سیاسەتی جیهان، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئایدۆلۆژییەکانەوە، و پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین لە پێشەنگی ئەم جۆرە پەیوەندییەدایە، کە تیایدا هاوکاری بنیاتنەر لەگەڵ کێبڕکێی ململانێدا تێکەڵ دەکات، بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە سروشتی ئەم پەیوەندییە، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چوارچێوەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین.

### داواکراوی یەکەم

### چەمکی هێز لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا

چەمکی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکان دەردەبڕدرێت، بەو پێیەی خاوەندارێتی هێز پێوەرێکی سەرەکییە بۆ کاریگەری کردنە سەر دەوڵەتێک، لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا چەندین کاراکتەری هەژمووندار بوونیان هەیە ، ئەمەش بووەتەوە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێز لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێت ڕکابەری ئەمریکا بکەن، دیارترینیان کۆماری چینی میللیە.

بۆ ناساندنی چەمکی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کۆمەڵێک پێناسەی بۆ کراوە، کەفۆرم و توانا و شێوازەکانی بەکارهێنان و پراکتیک لەخۆدەگرن. بنەمای هەموو ململانێیەکان هێزە،، کە نوێنەرایەتی هەوڵی مرۆڤایەتی دەکات بۆ ملکەچکردنی سروشتی دەوروبەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە. (حوسێن، ١٩٩٢، ل ١١١)

ئەم پێناسەیە تەنیا وەسفێکی گشتییە، کە هۆکارە بنەڕەتییەکانی دیکەی ناو ململانێیەکان پشتگوێ دەخات، وەک ئایدۆلۆژیا، ئایین، ئابووری، یان تەنانەت هەڵە تێگەیشتنە کولتوورییەکان. زیاتر پێناسەیەکی فەلسەفییە نەک سیاسی. لە زانستی سیاسیدا دەسەڵات بە "یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکان پێناسە دەکرێت کە دەتوانرێت بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەوایەتی، فۆرم، یان ئەخلاقی ئەو ئامرازانەی کە دەسەڵات بەڕێوە دەچێت، بەدی بهێنرێت. لە پێناو بەدواداچوونی ئەم دەسەڵاتەدا، هیچ ڕەچاوی ڕەوایەتی یان ئەخلاقی ئەو ئامرازانە ناکرێ. ئەمە دەیخاتە لوتکەی واقیعی، تیشک دەخاتە سەر گرنگی هێز و ڕۆڵی لە دامەزراندن و درێژەپێدانی دەوڵەتدا". جێگای سەرنجە کە ئەم پێناسەیە تەنیا ڕوانگەی ڕیالیستی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و قوتابخانەکانی وەک (وەک لیبرالیزم یان بونیادگەرایی) پەراوێز دەخات. هەروەها پاساو بۆ بەکارهێنانی هەر ئامرازێک بۆ گەیشتن بە هێز بەبێ ڕەچاوکردنی ئەخلاق و شەرعییەت دەهێنێتەوە، ئەمەش کێشەی دیکە دەوروژێنێت. کۆلێژی جەنگی سوپای ئەمریکا چەمکی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەم شێوەیە پێناسە کردووە "ئەو توانایە یان دەسەڵاتەی کە

بەکارهێنەرەکەی لە کاتی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا بتوانێت بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکانی بکات، واتە ئەوە دەسەڵاتی گشتی دەوڵەتە کە ئاسانکاری دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی بەسەر کردەوەکانی ئەوانی دیکە و زاڵبوونی بەسەریاندا."(بولنوار ،٢٠٢٥ ،ل.٤٢٢)
وەک پێناسەیەکی هەمەلایەنە دەتوانین بڵێین دەسەڵات بریتیە لە "کۆی ئەو توانایانەی کە کەسێک، دامەزراوەیەک، یان دەوڵەتێک خاوەنییەتی و توانای کاریگەریکردنیان لەسەر ڕەفتاری ئەوانی دیکە بەرامبەر بە کردارێکی دیاریکراو، لە ڕێگەی زۆرەملێ، موزایەدە، یان ڕازیکردن، بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراو و پێشوەختە دیاریکراوەکان". (لحراری، ٢٠١١، ل ١٠-١١)
ئەم چەمکە تیشک دەخاتە سەر ململانێ و ئاسایش وەک سەرچاوەیەکی دەسەڵات، کەمکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردن، چونکە ڕەنگە هەندێک جۆری دەسەڵات بە شێوەیەکی شەرعی و قبوڵکراو مومارەسە بکرێن.
بۆ ڕۆبەرت داڵ دەسەڵات لەسەر بنەمای ڕێبازێکی ڕەفتارییە، کە دەسەڵات لە چەمکەکانی کۆنترۆڵکردن، توانا و دەسەڵاتەوە نزیکە.
پێوەرەکانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان:
پێگەی دەوڵەتێک لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بە کۆمەڵێک فاکتەری ستراتیژی دیاری دەکرێت کە ڕەنگدانەوەی توانای ئەو دەوڵەتە بۆ کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لە دیارترین ئەو هۆکارانە بریتین لە: هێزی ئەتۆمی، ئابووری، پەروەردە و ڕۆشنبیری، تەندروستی، و بنیاتنانی دامەزراوەی بەهێز. هەموو ئەمانە بەشدارن لە داڕشتنی کاریگەری نێودەوڵەتی زلهێزەکان.
١- هێزی ئەتۆمی: ئامرازێکی ڕێگری ستراتیژی. ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین لە چوارچێوەی "یانە ئەتۆمییەکان" لە کاریگەرترین ئەکتەرەکانی سیستەمی نێودەوڵەتین. جبەخانەی ئەتۆمییان توانای ڕێگریکردنیان پێدەبەخشێت کە ڕێگری لە هەڕەشە دەرەکییەکان دەکات، بەمەش پێگەی ستراتیژییان بەهێزتر دەبێت. خاوەنداریێتی چەکی ئەتۆمی تەنها بە مانای گەیشتن بە ڕێگری سەربازی نییە، بەڵکو کاریگەرییەکی بەرچاوی سیاسی و دیپلۆماسی بەم دەوڵەتانە دەبەخشێت( Waltz,1979.p215
٢-ئابووری بە بزوێنەری سەرەکی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی و یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکان دادەنرێت کە زلهێزەکان پشتی پێدەبەستن بۆ بنیاتنانی هێزەکانیان، ئەمەش وایان لێدەکات توانا سەربازی و تەکنەلۆژی و سیاسییەکانیان بەرزبکەنەوە. ئابوورییەکی بەهێز پەیوەستە بە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و پێشخستنی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی و بەدەستهێنانی سەقامگیری دارایی. ئەمریکا، چین و ئەڵمانیا نموونەی بەرچاوی ئەو وڵاتانەن کە پشتیان بە هێزی ئابووری خۆیان بەستووە بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی جیهانی دیار، بەو پێیەی دەسەڵاتی ئابووری نوێنەرایەتی بنەمایەکی بنەڕەتی دەکات بۆ بەکارهێنانی کاریگەری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.(Paul,1988 ,p340 )
٣-پەروەردە و ڕۆشنبیری: وەبەرهێنان لە گەشەپێدانی مرۆیی. کەرتی پەروەردە و ڕۆشنبیری یەکێکە لەو هۆکارە دیارانەی کە کاریگەری لەسەر گەشەکردن و سەقامگیری گەلان هەیە، بەو پێیەی گەشەسەندنی مرۆیی لە پەروەردە و ڕاهێنانەوە دەست پێدەکات. ئەو وڵاتانەی کە وەبەرهێنان لە سیستەمی پەروەردەیی خۆیان دەکەن، ڕێژەی گەشەسەندنی بەرزتر بەدەست دەهێنن و چێژ لە هاووڵاتییان وەردەگرن کە توانای داهێنانیان زیاترە و بەشدارییان لە گەشەپێداندا هەیە. پەروەردەی کوالیتی یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان کە وڵاتان دەتوانن گەشەسەندنی بەردەوام بەدەست بهێنن و کۆمەڵگەیەکی زانستی بنیات بنێن.(أفجیر،2020،ص٨٩)
٤-تەندروستی: ئاسایشی تەندروستی وەک پێویستیەکی ستراتیژی. پەتای کۆڤید-١٩ ناسکی سیستەمی تەندروستی لە زۆرێک لە وڵاتان و لە نێویاندا وڵاتانی پێشکەوتوو ئاشکرا کردووە. قەیرانەکە توانای سنوورداریان ئاشکرا کرد بۆ وەڵامدانەوەی خێرای پەتاکە لە ڕووی چاودێری پزیشکی و دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکان و ئامادەکاری بۆ باری نائاسایی. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئەزموونە، ئەوە ڕوون بووەتەوە کە وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستی یەکێکە لە گرنگترین ئەولەویەتە ستراتیژییەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی تەندروستی نیشتمانی، بەو پێیەی گەیشتن بە سەقامگیری تەندروستی ئاسایشی نیشتمانی و گەشەپێدانی بەردەوام بەهێز دەکات.
٥-بنیاتنانی دامەزراوەی بەهێز: پایەی سەقامگیری و دیموکراسی. بنیاتنانی دەوڵەتی بەهێز پەیوەستە بە بوونی دامەزراوە دەستورییە کاریگەرەکان کە بە بنەماکانی دیموکراسی ڕاستەقینە بەڕێوەدەبرێن، نەک بە دڵسۆزی سیاسی، خێڵەکی، یان ناوچەیی. ئەزموونەکانی زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقا ئاماژە بەوە دەکەن کە نەبوونی دامەزراوەی بەهێز بووەتە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و گرژی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی ئابووری. بۆیە دامەزراندنی بنەماکانی حوکمڕانی باش و بەهێزکردنی دیموکراسی بنەڕەتین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەقامگیر کە توانای بەدەستهێنانی گەشەسەندنی هەبێت (دایمۆند، ٢٠١١، ص ١١٠).
تایبەتمەندییەکانی هێز ئەمانەن:( الظاهر، ٢٠٠٣،ص٧٢)( الحراري ،٢٠١٥،ص ٢٠)
یەکەم: هێز جەوهەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، ئامانجەکەی گەیشتن بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانە.
دووەم: بەرژەوەندی نەتەوەیی، کە دەتوانێت ببێتە هۆی دوژمنایەتی و شەڕ لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکاندا.
سێیەم:هێز بۆ خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەکارهێنانی هەژموون و دەسەڵات، ئەمەش گەیشتن بە ئامانجەکانی دەوڵەت لەخۆ دەگرێت، کە سنووردارە بە گەیشتن بە بەرژەوەندی نەتەوەیی.
لە کۆتاییدا: دەسەڵات بە سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەسەپێندرێت، کە بە ئاژاوەگێڕی و نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵا تایبەتمەندن. بەمەش دەوڵەتانی ناچار کردووە بە هەموو شێواز و شێوازێک هەوڵ بدەن بۆ دروستکردنی سەرچاوەی دەسەڵات، بەو پێیەی پاڵنەری ڕاستەقینەی ئاسایش و سەقامگیری و گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیانە.
چوارەم: مومارەسەی هێز دەکەوێتە نێوان کاریگەری لە ڕێگەی دیپلۆماسی لە لایەک، لەگەڵ زۆرەملێ و ناچاری لە لایەکی دیکە. پەنابردن بۆ هێز، لە واقیعدا، گەیشتنە قۆناغێکی بێتوانایی لە دۆزینەوەی چارەسەر لە ڕێگەی ئاشتیانە.
پێنجەم: هێز چەمکێکی ڕێژەییە کە بەپێی سروشتی ئەو دۆخە نێودەوڵەتییانەی دەوڵەتێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەکارهێنانی دەگۆڕێت. دەشێ دەوڵەتێک لە دۆخێکدا بتوانێت کاریگەری خۆی بخاتە سەر دەوڵەتێکی دیاریکراو یان توندوتیژی بەکار بهێنێت، لە کاتێکدا ڕەنگە

نەتوانێت لە بابەتێکی دیکەدا هەمان شت بەرامبەر دەوڵەتانی دیکە یان دژی هەمان دەوڵەت ئەنجام بدات.
شەشەم: هێز چەمکێکی فرەڕەهەندە، دەسەڵاتی نەتەوەیی دەوڵەتێک بەندە بە کۆمەڵێک داتا و فاکتەرەوە. لەوانەیە ئەم داتایانە بە بەردەوامی بگۆڕدرێن، بەڵام قورسایی و گرنگی هەریەکەیان لە چوارچێوەی گشتیی دەسەڵاتی دەوڵەتیشدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بە بەردەوامی دەگۆڕێت.
بەپشتبەستن بەوانەی سەرەوە، لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، پێگەی دەوڵەتێک پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکاری ستراتیژییەوە کە لە دەسەڵاتی سەربازی زیاتر درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی ئابووری، پەروەردە، تەندروستی و دامەزراوە کاریگەرەکان بگرێتەوە. واقیع پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەو دەوڵەتانەی کە وەبەرهێنان لەم بوارانەدا دەکەن، باڵادەستی بەردەوام بەدەست دەهێنن، ئەمەش وایان لێدەکات کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەبێت و سەقامگیری ناوخۆیی خۆیان بەرز بکەنەوە.

**تەوەرەی دووەم:**
**پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕوانگەی تیۆری گواستنەوەی هێز**
چەمکی گواستنەوەی هێز( Power Transition Theory)، ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی پێگەی سەرکردایەتی دەوڵەتێکی باڵادەست لەلایەن دەوڵەتێکی نوێوە، کە بە خێرایی گەشە دەکات، بۆ ئەوەی گۆڕانی دەسەڵات ڕووبدات، وڵاتە نوێیەکە دەبێت سەرچاوەی دەسەڵاتی زیاتر لە دەوڵەتی باڵادەست بەدەستبهێنێت، یان لانیکەم یەکسانی ڕێژەیی یان نزیکەیی بەدەستبهێنێت.( عميري ،٢٠٢٢،ص٧٧٦)
سیستەمی نێودەوڵەتی پلەبەندییە(هەرەمی) نەک ئەنارکی (بە پێچەوانەی ڕیالیزمەکان)، لە دەسەڵاتدا یەکسان نین و دەوڵەتی هەژموونداری ڕێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنێت، وکاتێک دەوڵەتێکی نوێ لە دەسەڵاتی دەوڵەتی هەژموونداری نزیک دەبێتەوە ، مەترسی شەڕی گەورە زیاتر دەبێت(أمين ، ٢٠٢٥ ،ص٤٤٥).
لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە وڵاتان پشت دەبەستن بە (قەبارەی هێز) و( ڕەزامەندی وڵاتەکان) کە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، ئەم پۆلێنکردنە ئەوە دەردەخات کە پشتبەستن بە پێوەری هێز بە تەنیا بەس نییە بۆ جیاکردنەوەی پێگەی وڵاتان لە رووی پلەی کاریگەرییەکانیانەوە. بەڵکو پێویستە پشت بە دوو پێوەری "هێز" و "ڕازیبوون لە هەلومەرجی زاڵ لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا ببەسترێت". بەم پێیە وڵاتانی جیهان بۆ چوار بەش پۆلێن دەکات:( زايد ،٢٠٠٢،ص.ص.٨٠-٨١).
-دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕازی: ئەمانە بریتین لە دەوڵەتی باڵادەست و زلهێزە گەورەکان کە هاوپەیمانن لە کێبڕکێی نێودەوڵەتیدا، دەوڵەتی باڵادەست ئەو لایەنە دادەنرێت کە زۆرترین ڕازیبوون لە سیستەمی ی نێودەوڵەتی هەیەتی ، هەر بۆیەش هەوڵی پاراستنی ئەو باڵادەستیە دەدات، نموونەکانی وەک( شانشینی بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا)
-دەوڵەتە زلهێزە ناڕازیەکان: ئەمانە ئەو دەوڵەتانەن کە پێیان وایە کەلێنێک هەیە لە نێوان توانای دەسەڵاتی بەردەستیان و ئەو کاریگەرییەی کە لە سیستەمی نێودەوڵەتی باودا بەدەستی دەهێنن. بۆیە هەوڵ دەدەن بارودۆخی نێودەوڵەتی باو بگۆڕن بۆ دۆخێک کە تێیدا بتوانن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان بگەن.، نموونەکانی وەک( ڕووسیای فیدراڵ وکۆماری چینی میللی)
-دەوڵەتە لاوازەکانی ناڕازی: ئەمانە ئەو دەوڵەتانەن کە هەست بە چەوساندنەوەی نادادپەروەرانە دەکەن بەهۆی هەژموونی دەوڵەتە بەهێزەکانەوە، ئەوان ئاواتەخوازن سیستەمی نێودەوڵەتی باو بگۆڕن لەگەڵ زلهێزێکی گەورەی ناڕازی، بەو هیوایەی ئەگەر ژینگەی نێودەوڵەتی بگۆڕێت پێگەی خۆیان باشتر بکەن.نموونەکانی وەک(کوبا، کۆریای باکوور، کۆماری ئیسلامی ئێران)
- دەوڵەتی لاواز و خۆڕازی: ئەمانە دەوڵەتی تارادەیەک بچووک و مامناوەندن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کە توانای سنوورداریان هەیە، ئەوان بە سروشت ئاشتیخوازن و ڕازین بە قبوڵکردنی دۆخی باوی نێودەوڵەتی هەیە، ئەمەش ئەو سوودانەیان بۆ دابین دەکات کە ڕەنگە لە دۆخێکی دیکەی نێودەوڵەتیدا بەدەستی نەهێنن.( کەنەدا، ئوسترالیا، ووڵاتانانی کەنداو، سەنگاپورە)
بنیاتنان لەسەر بیرۆکەی "ڕەزامەندی" و "ناڕازیبوون" جارێکی دیکە واقیعی ڕەفتاری نێودەوڵەتی پشتڕاست دەکاتەوە، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی واقیعی سیستەمی نێودەوڵەتییە، کە تێیدا ئیرادەی دەوڵەتان ناکۆکن.( محمد ،٢٠٠٧،ص.١٩٧).
ئەو گوتارانەی کە لە تیۆری گواستنەوەی هێز خراوەتەڕوو، تا ئێستاش بە شێوەیەکی تاقیکاری دەمێننەوە و توانای پێشبینیکردنی بەرزیان هەیە، بەپێی ئەم تیۆرییە، پۆلی دووەم، کە بە دەوڵەتە ناڕازی و بەهێزەکان نوێنەرایەتی دەکرێت، ئەو پۆلەیە کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پۆلی یەکەم هیچ بەرژەوەندییەکی نییە لە گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی لە ژێر هەژموونی خۆیدا و پێیوایە خاوەنی ئەو دەسەڵاتەیە کە شایستەی ئەوەیە ڕۆڵێکی گرنگتر لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی بگێڕێت لە چاو ئەو پێگەیەی کە لەبەردەستیدایە بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە پێکهاتەی دەسەڵاتی هەنووکەیی سەپێنراون، کە بەرژوەندی دەوڵەتانی پۆلی یەکەم بەرجەستەبووە.
بەپێی ئەم تیۆرە پێدەچێت کێبڕکێی ئەم پۆلە هەوڵی گۆڕینی دۆخی ئێستا و دامەزراندنی سیستەمێکی نێودەوڵەتی جیاواز بدەن، ڕووسیای فیدراڵ- یەکێتی سۆڤیەت)( کۆماری چینی میللی) کە نوێنەرایەتی ئەو زلهێزانە دەکەن کە پاشەکشەیان کردووە و ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی ڕۆڵی لاوەکی لەو سیستەمە نێودەوڵەتییە بگێڕن کە هەوڵی گۆڕینی سیستەمەکەدەکەن، و ئەم تیۆرە زیاتر لە دۆخی هەندێک وڵاتی ئەمڕۆدا دەگونجێت، وەک چین. لەم چوارچێوەیەدا، ڕەوتێکی نوێ لە دوای شەڕی ساردەوە سەریهەڵدا، کە پێشنیاری گۆڕانکاری لە شێوازی هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکرد، ئەم گەڵاڵەیە لەسەر ئەو تیۆرییە دامەزراوە کە سوورێکی گواستنەوە لە سیستماتیکی هێز هەیە، یان گۆڕانکاری لە هێزدا، کە دەبێتە هۆی قۆناغێکی هاوسەنگی، کە تیشک دەخاتە سەر هێز و کارلێکەکانی لەگەڵ پێکهاتەی سیستەمەکەدا(وولفورث ، ٢٠٠١،ص.٧-٨).

بەگوێرەی تیۆری گواستنەوەی هێز، زلهێز لەبری ئەوەی کۆنترۆڵ بەسەر ڕەوتی کارلێکەکانی ناو سیستەمدا بکات، ڕۆڵی سەرکردایەتی دەگێڕێت بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی دیکە کە توانای ئەوەیان هەیە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، بەشداریکردن لە کارلێککردن لەسەر پرسە نێودەوڵەتییەکان بە تواناکانیانەوە، یان بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی هێزو کارلێکەکاندا. ئەمەش پێویستی بە ڕێککەوتنی نێوان ئەم دەسەڵاتانە هەیە لەسەر سروشتی ڕێساکان نەک سەپاندنیان لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە(أحمد ، ٢٠٠٨،ص.٨)

ئەم تیۆرییە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی، کە شەڕە گەورەکان کاتێک سەرهەڵدەدەن، کاتێک دەسەڵاتێکی باڵا نزیک دەبێتەوە لە تێپەڕاندنی دەسەڵاتی هەژموونداری لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، ئەم تیۆرە چەندین جار بۆ ڕوونکردنەوەی ململانێکانی نێوان زلهێزەکان بەکارهێنراوە و پەیوەندی بە خستنەڕووی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە(عمیري،٢٠٢٢،ص٧٨١).

لە دوای ساڵی ٢٠٢٠وە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی شایەتی گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکات کە خەریکە سیستەمی جیهانی لە باڵادەستی تاکجەمسەری بۆ دوو جەمسەری یان فرەجەمسەری هەنگاو دەنێت، کە دەیان ساڵە لە ژێر هەژموونی ئەمریکا دەسوڕێتەوە، ئەم زلهێزە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە زاڵ بووە بەسەر جیهاندا و پشتی بە هێزی ئابووری و سەربازی و تەکنەلۆژی خۆی بەستووە، بەڵام سیستەمی جیهانی تەنیا لە یەک هەژموون یان ناوەندگەرایی ڕەهادا ناوەستن، بەڵکو دەبینین سەرهەڵدانی زلهێزە نوێیەکان کە هاوسەنگی هێزی جیهانی دابەش کردووە، وەک چین بەهۆی ستراتیژییە هەمەچەشنەکانیانەوە توانیویەتی ڕووبەڕووی هەژموون وکاریگەرییەکانی ئەمریکا ببێتەوە و تەنانەت لەڕووی سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیش کەم بکاتەوە، وئەم گۆڕانکارییە تەنیا دیاردەیەکی تێپەڕ یان قەیرانێکی کاتی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی قووڵی پرۆسەیەکی نوێی جیهانییە، ڕوون بووەتەوە کە ئەو سیستەمە یەک جەمسەرییەی کە لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت سەریهەڵدا، لە ژێر ڕۆشنایی سەرهەڵدانی زلهێزە جیهانی و هەرێمیەکان کە هەوڵی سەپاندنی دیدگای جیاوازە بەسەر ڕەوتی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، توانای بەرجەستەکردنی ئاڵۆزییەکانی جیهانی مۆدێرن نەماوە، بەدەرکەوتنی چین لەڕووی هێزی ئابووری و دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا، ئەمڕۆ نوێنەرایەتی ڕووبەڕووی پێکهاتەیی هەژموونی تاکجەمسەری ئەمریکا دەکات بۆ ئەو سیستەمە ئابوورییەی کە ئەمریکا لە قاڵب داوە(حمدي ،موقع المركز الديمقراطي العربي، ٢٠٢٤)

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە، دەبینین کە چین بە زیاتر لە شێوازێک ڕووبەڕووی هەژموونی ئەمریکا دەبێتەوە ، کە ئەمەش سیستەمی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەر دادێت، دیارترین ئەو هەوڵانەی کۆماری چینی میللی هەوڵی بۆ دەدات، لە دەستپێشخەرییە گەورەکانی وەک دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا دەستپێدەکات، و دامەزراندنی دامەزراوە داراییەکانە بەمەش دەتوانێت وەک بەدیلێک بۆ دامەزراوەکانی بریتۆن وۆدز بێت، بودجەی سەربازی خۆی فراوانتر دەکات و هێزی دەریایی خۆی مۆدێرن دەکات، لە دەریای باشووری چین زیاتر جەختی لەسەر کردووەتەوە، هەروەها هێزی نەرمی خۆی فراوانتر دەکات( Sharma, Ashutosh ,2024,p.2767 ).

چین لە ساڵی ٢٠١٣ دەستپێشخەری گەورەی پشتێن و ڕێگاوبانی خۆی دەستپێکرد، و ئەم دەستپێشخەرییە ئامانجیەتی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا لە ڕێگەی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن و بەندەر و بۆرییەوە بەیەکەوە ببەستێتەوە، تادێت وەک تەحەدایەک بۆ هەژموونی جیهانی ئەمریکا سەیر دەکرێت. و زۆربەی ڕەخنەکان ئاراستەی گەشەسەندنی خێرای ئابووری و جیۆپۆلەتیکی چین دەکرێت، ئەمەش لە بەرامبەردا چین دەخاتە دۆخێکی ئیمتیازدارەوە لەسەر حیسابی وڵاتانی سودمەند لە ڕووی وەبەرهێنانی ژێرخانی لەجیۆ ستراتیژییەکان، ڕەنگە ئەم ڕەخنەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم وەبەرهێنانانە دیپلۆماسی تەڵەی قەرز پێکدەهێنن، وڵاتان لە دۆخێکی قەرزداردا دەهێڵنەوە و پابەندن بە داواکارییەکانی چین. بەم شێوەیە چین دەستی باڵا بەدەست دەهێنێت لە بەرپەرچدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ( Sharma, Ashutosh ,2024,p.2767)

دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگاوبان ڕێگاکانی بازرگانی جیهانی و هێڵەکانی دابینکردن لە قاڵب دەداتەوە ، ئەمەش وا دەکات چین بتوانێت کارلێکەکانی لەگەڵ سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی کە ئەمریکا باڵادەستە کەم بکاتەوە و ڕێگاکانی کەشتیوانی کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکادایە بەدەر بکات و بەشدارییەکانی کەم بکاتەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر دۆخی دۆلار دەبێت و کاریگەری لەسەر پێگەی ئەمریکا لە بازرگانی جیهانیدا دەبێت( Sharma, Ashutosh ,2024,p.2767 )

جگە لەوەش، دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا ڕێگە خۆشکەرە بۆ دامەزراوە بەدیلەکان، وەک بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیا، هەڕەشە لە نەزمی ئابووری جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەکات، ئەم بەدیلانە دەتوانن ڕووبەڕووی دۆخی ئێستای دامەزراوەکانی زاڵ بەسەر ڕۆژئاوای وەک بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بکەن، ئەمەش کاریگەری ئەمریکا زیاتر کەم بکاتەوە.( Sharma, Ashutosh ,2024,p.2767)

ئەوەی جێگەی هەلوەستە لەسەرکردنە، دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگای چینی پرۆژەیەکی ئاڵۆز و فرەلایەنەیە کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیستەمی جیهانی هەیە، زۆرێک لە وڵاتان لە ڕووی ئابوورییەوە سوودی لێ وەردەگرن، بەڵام بێگومان هەڕەشە لە هەژموونی ئەمریکا دەکات، هەربۆیە لەگەڵ بەردەوامبوونی تواناکانی چین، کێبڕکێی نێوان هەردوو وڵات چڕتر دەبێتەوە و بۆ ساڵانی داهاتوو بەردەوام دەبێت، بەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر داڕشتنی گۆڕەپانی سیستەمی جیهانی.

چەمکی(گواستنەوەی هێز) ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی پێگەی سەرکردایەتی دەوڵەتێکی باڵادەست لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا لەلایەن دەسەڵاتێکی خێرا گەشەسەندووەوە. پاشان ئەم دەسەڵاتە سەرهەڵدەداتەوە هەوڵدەدات پێگەی باڵادەستی بەدەستبهێنێت. بۆ ئەوەی گۆڕانی دەسەڵات ڕووبدات، دەوڵەتی بەرزبووەوە دەبێت خاوەنی تواناکانی دەسەڵات بێت کە توانای دەسەڵاتی دەوڵەتی باڵادەست تێپەڕێنێت، یان لانیکەم یەکسان بێت. بۆیە دەوڵەتی سەرهەڵداو دەبێت کار بۆ کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان توانا نەتەوەییەکانی و توانای دەوڵەتی باڵادەست بکات، هەروەک دواتر باسی لێوە دەکرێت.

بیرۆکەی (گواستنەوەی هێز) ئاماژەیە بۆ ئەو ساتەی کە دەوڵەتی پێشەنگ پێگەی باڵای خۆی لەدەست دەدات بەرامبەر بە ڕکابەرێک. ئەم

پێچەوانەبوونەوەی ڕۆڵەکان لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە توانا نیشتمانییەکانی هەردوو لایەن ڕوودەدات. کاتێک ئەمە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکی بەرچاودا بێت لە نەزمی نێودەوڵەتیی هەن لە لایەن دەوڵەتی سەرهەڵداوەوە، شەڕ دەبێتە دەرئەنجامێکی ئەگەری.

**باسی دووەم**

**پرسەکانی ململانێ لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری چینی میللی**

ئەمریکا زلهێزێکی خاوەن سەروەری جیهانی و دەوڵەتێکی بەهێزە، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات پێگەی سیاسی خۆی بسەپێنێت، لە بەرامبەردا چین دەوڵەتێکی سۆسیالیستییە، لە کاتێکدا ئەمریکا دەوڵەتێکی سەرمایەدارییە کە ڕەوتی سۆسیالیستی ڕەتدەکاتەوە، بۆیە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین نوێنەرایەتی مۆدێلێکی ناوازە دەکەن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەم پەیوەندیانە ئاڵۆزی و ململانێی تایبەت بە خۆیان هەیە، چ شاراوە و هەم ئاشکرا، چ ڕواڵەت و چ شاراوە، هەم نزیک و چ لە داهاتوودا، لێرەدا نیشک دەخەینەسەر کۆمەڵێک پرس، بەمشێوەیە:

**داواکراوی یەکەم: پرسی تایوان**

قەیرانی گەرووی تایوان لە ساڵی ١٩٩٦ بە ڕوونی تیشکی خستە سەر گرنگی پرسی تایوان لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چیندا. لەژێر فشاری کۆنگرێسی ئەمریکا، هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ٢٢ ی ئایاری ١٩٩٥ ڕایگەیاند، (لی دێنگ هوی) بەرپرسی تایوان سەردانێکی تایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدات، ئەم سەردانە لەلایەن سەرۆک کلینتۆنەوە پەسەندکرا و پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی پەرەپێدا، لە ٧ی حوزەیرانی هەمان ساڵی ، (لی دێنگ هوی) سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد و لە زانکۆی کۆرنێل وتارێکی پێشکەش کرد، کە لەبری زاراوەی "کۆماری چین لە تایوان" وشەی جیابوونەوەی خستەڕوو ، بۆیە حکومەتی چین گرنگی بە ڕەفتارەکانی بزوتنەوەی "سەربەخۆیی تایوان" دا و هەڵوێستێکی زۆر وریانەی سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تایوان گرتەبەر(جهاد، موقع المركز الديمقراطي العربي، ٢٠١٦)

لە نێوان نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦، چین مانۆڕی سەربازی لە گەرووی تایوان ئەنجامدا، بەڵام ئەمریکا بە هەوڵی نیشاندانی پابەندبوونی خۆی بەو بەڵێنانەی لە یاسای پەیوەندییەکانی تایوان دابوو، دوو بەلەمی فڕۆکە هەڵگرەکانی جێگیر کرد بۆ ئەنجامدانی مانۆڕی چاودێری و سیخوڕی لە نزیک گەرووی تایوان، ئەمەش وایکرد کە لێدانی سەربازی نێوان هەردووولا لە هەر ساتێکدا تووشی تەقینەوە بێت، بەمەش قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی گەیاندە بەرزترین ئاست لەدوای دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانەوە، وئەم ڕووداوە بە ڕوونی دەریخست کە پرسی تایوان پرسی سەرەکیە لە پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکادا ، لەم پێوەندییەدا ئاماژە بەوە دەدرێت کە "ئەوەی بەڵێندەرانەیە لەبارەیانەوە ئەوەیە کە تەنیا یەک پرسی ڕاستەقینە هەیە- واتە پرسی تایوان- لە کاتێکدا ئەوەی خراپە لەبارەیانەوە ئەوەیە کە ئەم پرسە چارەسەر ناکرێت". تایوان ئەو ناوەیە کە پورتوگالییەکان بە دوورگەی فۆرمۆسا داوە کە ڕووبەرەکەی ٣٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و دەکەوێتە نزیک کەناراوەکانی دەریای باشووری چین. دوورگەکە لە ساڵی ١٨٩٥ لە دوای جەنگی چین و ژاپۆن لەلایەن ژاپۆنەوە کۆلۆنی کراوە و دوای ڕادەستبوونی ژاپۆن لە جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥ گەڕێنرایەوە بۆ چین(Wang, 1998,p.21.).

دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی حزبی شیوعی چین لە ساڵی ١٩٤٥ بە سەرۆکایەتی (ماو تسیتۆنگ) بووە هۆی هەڵاتنی حکومەتەکەی (مارشاڵ چیانگ کای شێک) بۆ هۆنگ کۆنگ لە باشووری چین، کاتێک بزووتنەوەی کۆمۆنیستەکان بۆ ویلایەتەکانی باشوور بڵاوبووەوە، حکومەتەکەی (مارشاڵ چیامگ کای شێک)گواسترایەوە بۆ فۆرمۆسا. چیانگ حکومەتەکەی لە تایوان دامەزراند و لە ساڵی ١٩٥٠ وەک سەرۆکی وڵاتەکەی هەڵبژێردرا، وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، بە خێرایی حکومەتی تایوانیان وەک نوێنەری شەرعی گەلی چین ناساند، لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت کۆماری گەلی چینی وەک نوێنەری شەرعی گەلی چین ناساند، و هاوسەنگی هێز، سروشتی پارچەپارچەبوونی سیستەمی نێودەوڵەتی، دەستپێکردنی شەڕی سارد و سروشتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆک هاری ترومان لە ساڵی ١٩٥٠دا، بێلایەنکردنی تایوان و جێگیرکردنی بەلەمی حەوتەمی ئەمریکا بۆ پاراستنی دوورگەکە جێگیر کرد. ئیدارەی ئەمریکا بە واژۆکردنی پەیماننامەی ئەمنی لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندییەکانی لەگەڵ تایوان پەرەپێدا و تایوانی بە نوێنەری شەرعی چین زانی(حنان ،٢٠٠٣،ص٣٣).

بە درێژایی ساڵانی(١٩٥٠-١٩٦٠)، حکومەتی پەکین چالاکانە هەوڵی گەڕاندنەوەی سەروەری چینی بەسەر هەموو ئەو خاکانەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو، پێیوابوو مافی ئەوەی هەیە لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە سەروەری خۆی بەسەر ئەو خاکانەدا بسەپێنێت. لەسەر بنەمای ئەمەش کۆماری گەلی چین داواکارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکای ڕەتکردەوە سەبارەت بە پێدانی مافی چارەنووسی بە خەڵکی تایوان بە پێی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها ڕەتیکردەوە تایوان بخاتە ژێر ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە تایوان بەشێکی هەمیشەیی چین بووە و یەکگرتنەکەی بابەتێکی ناوخۆییە، ودوابەدوای گۆڕانکاری لە سیاسەتی کۆماری گەلی چین لە ساڵانی حەفتاکان و باشتربوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ واشنتۆن لە ساڵی ١٩٨٧، ئەمریکا پابەندبوونی خۆی بە کشانەوەی سەرجەم هێزەکانی ئەمریکا و دامەزراوە سەربازییەکانی ئەمریکا لە تایوان دووپاتکردەوە، بەیاننامەیەک لەلایەن هەردوو وڵاتی چین و ئەمریکاوە سەبارەت بە تایوان بڵاوکرایەوە، لەوانە قبوڵکردنی مەرجەکانی چین لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە کە گرنگترینیان ئەمانە بوون: (جهاد، موقع المركز الديمقراطي العربي، ٢٠١٦)

-کۆتاییهێنان بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان واشنتۆن و تایوان.

-هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی بەرگری هاوبەشی ساڵی ١٩٥٠ سەبارەت بە بەرگری ئاسمانی و دەریایی تایوان لە بەرامبەر هەر هێرشێکی کۆماری گەلی چین.

-کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە تایوان.
-دانپێدانانی ئەمریکا بە بوونی یەک چین، کە تایوان بەشێکە لە چین، وکۆماری گەلی چین حکومەتی شەرعییە.
-بەردەوامی پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکانی نێوان ئەمریکا و تایوان.
ئەم گۆڕانکاریانە بووە هۆی کۆتاییهاتنی دانپێدانانی نێودەوڵەتی حکومەتی ناسیۆنالیستی چین لە تایوان وەک نوێنەری شەرعی چین.
شایانی باسە ساڵانی (١٩٩٥-١٩٩٦)، شایەتی قەیرانێکی جددی لە نێوان ئەمریکا و چیندا ڕوویدا بەهۆی پەسەندکردنی جۆرێکی نوێی مامەڵەکردن لەلایەن ئەمریکاوە لەگەڵ حکومەتی تایوان، کە پەکین وەک پێشێلکارییەکی بنەڕەتی و لادانێکی تەواو لە مەرجەکانی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵات لە سالآنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەسەر ئەو پرسە لێکدرایەوە،دیارترین خاڵە مشتومڕییەکان لەم ڕووەوە: (مركز الكاشف للمتابعة والدراسات الاستراتيجية، ٢٠١٢،ص ٤)
-ڕێگەدان بە بەرپرسانی تایوان بۆ سەردانی ئەمریکا.
-فرۆشتنی چەکی ئەمریکا بە تایوان.
سەرکردایەتی چین پرەنسیپی "یەک وڵات، دوو سیستەم"ی لەبەرچاوگرت بۆ چارەسەرکردنی پرسی تایوان بە شێوەیەکی ئاشتیانە، بەتایبەتی دوای جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی لە هۆنگ کۆنگ. چین ئامادە بوو سیاسەتی نەرمتر بەرامبەر تایوان بگرێتەبەر، بەڵام ئەم بنەمایە ڕووبەڕووی چەندین کێشە بووەوە کە ڕێگری لە جێبەجێکردنی کردەیی کرد، دیارترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون: (جهاد، موقع المركز الديمقراطي العربي، ٢٠١٦).
-سەرۆکی تایوان (لی تێنگ هوی) ڕایگەیاند کە بنەمای "یەک وڵات، دوو سیستەم" کە لە هۆنگ کۆنگ جێبەجێ دەکرێت لە تایواندا کارپێناکرێت.
هەڵوێست و مەیلی هاووڵاتیانی تایوانی، کە چیتر وەک وڵاتی دایکی خۆیان سەیری چین ناکەن، بەو پێیەی ژمارەی ئەوکەسانەی پێشوازی لە بیرۆکەی یەکگرتن لەگەڵ چین دەکەن، لە ٥%ی دانیشتووانی چین تێناپەڕێت.
هەرچەندە چین بەردەوام هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز دەکات بۆ وەرگرتنەوەی تایوان، بەڵام پشت بە باڵادەستی سەربازی خۆی دەبەستێت، بەڵام ئەم بژاردەیە بەم هۆکارانەی خوارەوە بە مەحاڵ دادەنرێت:( سيف الدين ،٢٠٠١،بدون صفحة)
-بە درێژایی ١٧٠ کیلۆمەتری دەریا تایوان لە چین جیادەکاتەوە، ئەمەش هەوڵدان بۆ داگیرکردنی دوورگەکە قورستر و ئاڵۆزتر دەکات.
-پاڵپشتی دەرەکی کە بەپێی پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ئەمریکاوە، گەرەنتی ئەوە دەکات کە بەرەنگاری هەر هەوڵێک دەبێتەوە بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.
لە بەرامبەردا لایەنی ئەمریکی هەمیشە هەوڵدەدات قەیرانەکە کۆنترۆڵ بکات و دووربکەوێتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ چین سەبارەت بە پرسی تایوان، هەروەها هاندانی وتووێژ لە نێوان چین و تایوان بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە.( Xinbo, 2011,p.34.).
ئەمریکا هێشتا پابەندە بە بنەمای یەک چین کە لە سێ بەیاننامە هاوبەشەکەدا هاتووە و پێی وایە ئەم بنەمایە لەسەر بنەمای جۆرێک لە لێکتێگەیشتن دامەزراوە، واتە سیاسەتی بنەڕەتی هەردوو وڵات بە دوای چارەسەری ئاشتیانە بۆ ئەم پرسە دەگەڕێت. ئەمریکا پابەندە بە مەرجی بڕیارنامەی ئاشتیانە بۆ هەر پرۆژەیەک کە پەیوەندی بە پرسی تایوانەوە هەبێت و پێی وایە کە دابینکردنی چەکی بەرگری بۆ تایوان بەپێی یاسای پەیوەندییەکانی تایوان لەگەڵ ڕۆحی بەیاننامەی هاوبەشی[1] ساڵی ١٩٨٢دا یەکدەگرێتەوە Kشانبەشانی پابەندبوونی ئەمریکا بە چارەسەری ئاشتیانەی ئەو پرسە، ئاستی فرۆشتنی سەربازی ئەمریکا بە تایوان زیادی کردووە، چ لە ڕووی چەندایەتی و چ لە ڕووی کوالیتی و پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئەمریکا و تایوان ناوبەناو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا ترسی لە پەرەسەندنی هێزی هێزەکانی "سەربەخۆیی تایوان" هەیە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی پێکدادانی سەربازی بەرفراوان لەگەڵ چین( China: An International Journal, 2014, p.p21-24.)
تایوان لە ڕوانگەی چیندا گرنگییەکی ستراتیژی هەیە، پرسێکە کە بەشێکی بنەڕەتییە لە سەروەری نەتەوەیی خۆی، لە کاتی بارودۆخی ناوازەدا کە بە ململانێی ناوخۆیی و دەستوەردانی دەرەکی لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا دیاری کراوە، پچڕاوە. چین سەربەخۆیی تایوان بە پرسێکی دانوستان نەکراو دەزانێت،بۆیە چین بەردەوامی دابڕانی تایوان بە زیانێک بۆ شکۆ و پێگەی تایوان دەزانێت. گەڕانەوەی بۆ سەروەری گەرەنتی پێشکەوتنی سیاسی دەکات کە هاوتایە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پێگەی جیهانی. تایوان نوێنەرایەتی ناوچەیەکی گرنگ دەکات بۆ چین، چونکە بنکەیەکی ستراتیژی پێکدەهێنێت بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییە ئەگەرییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژی چین، ئەمەش بەهۆی گرنگی جیۆستراتیژییەکەیەوەیە کە دەکەوێتە نێوان دەریای باشوور و ڕۆژهەڵاتی چین و نزیکی لە چینەوە. لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە، ڕوانگەی ئەمریکا پێویستی بە بوونی حکومەتێکی تایوانی دڵسۆز بۆ ئەمریکا هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەم ناوچەیەدا.( یاسین

---

[1] بەیاننامەی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و کۆماری چینی گەل لە ١٧ی ئابی ١٩٨٢، بەردی بناغەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە سەبارەت بە پرسی تایوان. ئەم بەیاننامەیە لەلایەن ئەمریکا و چینەوە لە چوارچێوەی هەوڵەکانیان بۆ بەرزڕاگرتنی پرەنسیپی "یەک چین" و کەمکردنەوەی گرژییەکانی گەرووی تایوان بڵاوکرایەوە. لە بەیاننامەکەدا ئەمریکا دووپاتی کردەوە کە سیاسەتی "دوو چین" یان "یەک چین، یەک تایوان" پەیڕەو نەکردووە و نیازی خۆی بۆ کەمکردنەوەی فرۆشی چەک بە تایوان وردە وردە ڕاگەیاند. لە بەرامبەردا چین جەختی لەوە کردەوە کە پرسی تایوان بابەتێکی ناوخۆییە و ئامانجی یەکگرتنەوەی ئاشتیانەی دووپاتکردەوە.
هەرچەندە ئەو بەیاننامەیە پەیماننامەیەکی یاسایی پابەندکەر نەبوو بەڵکو بەیاننامەیەکی سیاسی هاوبەش بوو، بەڵام بوو بە خاڵێکی ئاماژەپێکراوی گرنگ لە لێکدانەوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە تایوان، لەگەڵ یاسای پەیوەندییەکانی تایوان لە ساڵی ١٩٧٩ کە دەسەڵاتی بە واشنتۆن داوە کە ئامێری بەرگری دابین بکات. ئەم چوارچێوە سیاسی و یاساییە تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە پێکهێنانی بنەمای هاوسەنگی ناسکی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین. بڕوانە :
: *Joint Communiqué of the People's Republic of China and the United States of America (August 17, 1982)*

،٢٠١٨ ص.٩١).
لە لایەکی ترەوە پابەندبوونی ئەمریکا بە ئاسایشی تایوان و پاراستنی خۆشگوزەرانییەکەی بە شێوەیەکی کاریگەر گرنگی بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر حیسابی چین نیشانداوە، بەرژەوەندی نێوان ئەمریکا و تایوان بەهێزتر بووە، ئەمریکا بڕیاری داوە کە پابەندبوونی سیاسی خۆی بە ئاسایشی تایوان بەشێکە لە پابەندبوونی پرەنسیپی خۆی بە پەرەپێدانی دیموکراسی و ئاسایشی ناوچەکە، دوور لە هەڕەشەی سەربازی چین(وصفی ، ٢٠١٣ ص١٠٢٥)

ئەمەش بەڵگەی جەختکردنەوەی بەرپرسانی ئەمریکی لەسەر ئەوەی پێی دەوترێت پابەندبوونی ئەمریکا بە بەرپرسیارێتی دەستەبەرکردنی "ئاسایشی تایوان" و هۆشداریدان لە دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا ئەگەر چین هێز لە دژی تایوان بەکاربهێنێت. ئەمەش بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە ئەمریکا پتەوکردنی پەیوەندییە سەربازی و ئەمنییەکانی نێوان خۆی و تایوان دەقۆزێتەوە و بە ئامرازێکی گرنگ دەزانێت بۆ پاراستنی دۆخی "ئاشتی بێ یەکگرتن" لە گەرووی تایوان، ئەمە جگە لە زیادکردنی فرۆشی چەکی پێشکەوتوو و کەرەستەی سەربازی بە تایوان کە بۆ دامەزراندنی سیستەمی دژە مووشەکی بەکاردێت. ئەمەش بە مەبەستی فراوانکردنی ئاسۆی پەیوەندی نێوان بەرپرسانی باڵای سەربازی لە ئەمریکا و تایوان، زیادکردنی هاوکاری سەربازی و تەکنیکی لە نێوانیان، خێراکردنی بەشداریکردنی تایوان لە پرۆسەی پلاندانان کە لە ئێستادا چالاکانە و کاریگەرانە لەلایەن ئەمریکاوە جێبەجێ دەکرێت، دامەزراندنی سیستەمێکی بەرگری موشەکی شانۆیی و پاراستنی بوونی سەربازی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ئاسیا .( لیو شیه -لي شي ، ٢٠٠٣،ص.ص٢٤٤-٢٥١)

گفتوگۆی ئاسایشی چوار قۆڵی (QUAD)[2] یەکێکە لە چوارچێوە ستراتیژییە دیارەکان لە ناوچەی هیندستان-ئاسیای هێمن لە سەدەی بیست و یەکەمدا. لە کاتێکدا هاوپەیمانییەکی سەربازی فەرمی نییە، بەڵام وەک سەکۆیەکی هەماهەنگی گرنگ لە نێوان چوار زلهێزدا کاردەکات کە هەوڵدەدەن هاوسەنگی ناوچەکە بپارێزن و سەقامگیری سیستەمی دەریایی نێودەوڵەتی مسۆگەر بکەن، گرنگی ئەم چوارچێوەیە لە ژێر رۆشنایی گۆڕانکارییە خێراکانی جیۆپۆلەتیکی و سەرهەڵدانی چین وەک هێزێکی جیهانی بەرچاو زیاتر دەرکەوتووە.

لە ساڵی ٢٠١٦ەوە کە (تسای ئینگ وێن )دەسەڵاتی لە تایوان گرتە دەست، گرژییەکان زیاتر بوون لە پەیوەندییەکانی چین و تایواندا.، کاتێک سەرۆکی تایوان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ئەنجاندا بۆ پیرۆزبایی دۆناڵد ترەمپ بەبۆنەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦، چین ئەمەی ڕەتکردەوە و بە ئاماژەدان بە بنەمای یەک چین و ئەو ڕاستییەی کە تایوان بەشێکی بێبەشنەکراوی خاکەکەیە. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٨ واشنتۆن ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر فرۆشتنی پارچەی یەدەگی فرۆکەی جەنگی ئێف ١٦ و فرۆکە سەربازییەکان بە تایوان بە بەهای ٢٣٠ ملیۆن دۆلار. ئەمریکا بەم شتە ڕازی نەبوو؛ ئیدارەی ترەمپ یاسای ڕێگەپێدانی بەرگری نیشتمانی واژۆ کرد کە ڕێگەی بە ناردنی کەشتی جەنگی بۆ تایوان دا لە مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا.( هشام، ٢٠١٩، ص.٢٥٨).

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩، (شی جینپینگ)، سەرۆکی چین ویستی خۆی بۆ یەکخستنەوەی تایوان و چین ڕاگەیاند، ئەو هەنگاوە لەلایەن سەرکردەکانی تایوانەوە ڕەتکرایەوە. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٠، چین چەند فڕۆکەیەکی سەربازی لە ڕێگەی گەرووی تایوانەوە نارد، دوای ئەوەی دەرکەوت کە واشنتۆن بە نیازی فرۆشتنی چەکی پێشکەوتوو بە تایبەت فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە. چین تاقیکردنەوە موشەکییەکانی زیاد کردووە، فڕۆکەی لە نزیک تایوان ناردووە و پڕوپاگەندەی خۆی سەبارەت بە شەڕێکی ئەگەری لە نێوان پەکین و واشنتۆن زیاد کردووە.( صفاء ،٢٠٢٢، ص.ص١٨٦-١٨٧).

لە ساڵی ٢٠٢١ یاسای ستراتیجی ڕکابەری ساڵی ٢٠٢١ پەسەندکرا، بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆن و تایپە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی پەکین. لە هەمان ساڵدا کۆنگرێسی ئەمریکا دەستپێشخەری ڕێگریکردن لە زەریای هێمن پەسەند کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی گەشەسەندنی هێزی سەربازی چین.( أحمد ،٢٠٢٢، ص١٣٠).

لە ساڵی ٢٠٢١ ئەمریکا گفتوگۆی ئاسایشی چوار قۆڵی ئەنجامدا و هاوپەیمانی[3] AUKUS ی دامەزراند بۆ کۆنترۆڵکردنی پەرەسەندنی

---

[2] دیالۆگی ئاسایشی چوارقۆڵی لە ساڵی 2007 لەسەر دەستپێشخەری شینزۆ ئابی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ژاپۆن دامەزراوە، بەڵام بوونی ئەو دیالۆگی کورتخایەن بوو بەهۆی ڕەخنەی هەندێک لە وڵاتانی ئەندام. لە ساڵی ٢٠١٧ لەناو پەرەسەندنی کێبڕکێی ستراتیژی لە ناوچەی هیندستان و زەریای هێمن چالاککرایەوە. وڵاتانی بەشداربوو لەم ڕێکەوتنامەیە بریتین لە هیندستان، ئەمریکا، ژاپۆن و ئوستراليا.، QUAD بەشێکە لە ستراتیژییەکی فراوانتر کە بە "هیندۆ-ئاسیای ئازاد و کراوە" ناسراوە. ئامانجەکانی بریتین لە:
-ڕێگری لە باڵادەستی یەک دەسەڵات لە ناوچەکەدا.
-پەرەپێدانی فرەلایەنی و هاوسەنگی.
-پاراستنی سیستەمێکی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاسا.
لە بەرامبەردا چین کواد وەک هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی دەڕوانێت، هەندێکجار بە "ناتۆی ئاسیا" ناوی دەبات، سەرەڕای نەبوونی پێکهاتەیەکی سەربازی فەرمی.
بڕوانە:
U.S. Department of State. (2022). *The Quad and the Indo-Pacific Strategy*. Washington, DC.

[3] هاوپەیمانی AUKUS لە ئەیلولی ٢٠٢١ وەک دەستپێشخەرییەکی ستراتیژی هاوبەش لە نێوان ئوستراليا و بەریتانیا و ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی ەر ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەی هیندستان و زەریای هێمن دەرکەوت ، ئەم هاوپەیمانییە لە کاتێکدایە کە کێبڕکێی ستراتیژی لە نێوان زلهێزەکاندا پەرەدەستێنێت، بەتایبەتی کاریگەرییە سەربازی و ئابوورییەکانی چین لە ناوچەکەدا. لە کاتێکدا کە پەیماننامەیەکی فەرمی بەرگری بەکۆمەڵ نییە، بەڵام نوێنەرایەتی چوارچێوەیەکی گشتگیر دەکات بۆ هاوکاری سەربازی و تەکنەلۆژی،ئەم هاوپەیمانییەکە لە دەرئەنجامی چەند فاکتەرێکەوە سەریهەڵدا، ئەمانەن:
-هاوسەنگکردنی هەژمونی چین: سنووردانان لە فراوانبوونی سەربازی چین لە ناوچەکەدا.
-پاراستنی ئازادی کەشتیوانی: دڵنیابوون لەوەی کە ڕێڕەوی دەریایی نێودەوڵەتی بە کراوەیی و پارێزراو دەمێننەوە.
-بەهێزکردنی هاوپەیمانییەکانی ڕۆژئاوا لە ئاسیا: پشتگیریکردنی تۆڕی ئەمنی ستراتیژی لەگەڵ گەلانی هاوپەیمان.
-بەهێزکردنی بەرپەچدانەوەی تەکنەلۆژی: بەرزکردنەوەی تواناکانی بەرگری ئوستراليا و هاوپەیمانەکانی. بڕوانە:
The White House. (2021, September 15). *Joint statement on AUKUS*. Washington, DC

گەشەسەندنی چین، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢١ نوێنەری تایوان بانگهێشت کرا بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا لە واشنتۆن، ئەمەش یەکەم ڕووداوە لەم جۆرە لە دوای دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی ، لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٢، چین و دوورگەکانی سلێمان ڕێککەوتنێکی هاوبەشی ئەمنی دوولایەنەیان واژۆکرد، کە پەکین بتوانێت بەندەرەکانی هۆنیارا بۆ مەبەستی سەربازی بەکاربهێنێت. ئەمەش نیگەرانییەکانی لە واشنتۆن و ئوسترالیا وروژاند (مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، ٢٠٢٢،، ص ص٤٥-٤٨) (Mohamed ,2023,p.p107-119)

گرژییەکانی نێوان چین و ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی جۆ بایدن بە سەردانەکەی (نانسی پیلۆسی) سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بۆ تایوان گەیشتە لوتکە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا. پێلۆسی پابەندبوونی کۆنگرێسی ئەمریکای بە ئاسایشی تایوان دووپاتکردەوە، ئەمەش پاشەکشەیەکی ڕوونە لە پابەندبوونی ئەمریکا بە "یەک بنەمای چین". پەکین دژایەتی ئەم سەردانەی کرد و باڵیۆزی ئەمریکای لە پەکین بانگهێشت کرد و نارەزایی خۆی لە سەردانەکە و پابەندبوونی بە "یەک بنەمای چین" دەربڕی. جگە لەوەش فەرماندەیی شانۆی ڕۆژهەڵاتی سوپای چین دەستپێکردنی مانۆڕەکانی لە دەوروبەری تایوان ڕاگەیاند. هەروەها پەکین مانۆڕە سەربازییەکانی لە ٤ی ئابی ٢٠٢٢ەوە لە حەوت ناوچەی دەوروبەری تایوان ڕاگەیاند و چین کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی ئەمریکا هەڵوەشاندەوە، لە ١٠ی ئابی هەمان ساڵدا، یەکەم "کاغەزی سپی"ی لەسەر تایوان لە ماوەی ٢٢ ساڵدا بڵاوکردەوە، کە یەکگرتنەوەی ئاشتیانەی تایوانی لەگەڵ چین دووپاتکردەوە و ئەگەر نەیتوانی ئەوە بکات، پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبات، تایوان لە ساڵی ٢٠٢٢دا خەرجیبە بەرگرییەکانی بۆ نزیکەی ١٧ ملیار دۆلار زیادکرد و خەرجیبە سەربازییەکانی چین بە ٢٢ هێندەی تایوان مەزندە کرا، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی هەرەشەی ساڵی ٢٠٢٣دا هاتووە کە "سوپای چین هەوڵدەدات ئامانجی شی بگات کە تا ساڵی ٢٠٢٧ ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت ڕێگری بکات لە هەر دەستوەردانێکی سەربازی ئەمریکا ، لە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ لە مانگی ئازاری ٢٠٢٣دا بڵاویکردەوە کە سوپای ئەمریکا توانای بەرپەرچدانەوەی توانا سەربازییەکانی چینی هەیە(أحمد ، ٢٠٢٢، ص.ص١٣٠-١٤٢) (صفاء ،٢٠٢٢، ص١٥٨).

کەوتنەخوارەوەی باڵۆنێکی چینی بەسەر خاکی ئەمریکا لە شوباتی ٢٠٢٣ سووتەمەنی بۆ ئاگرەکە زیاد کرد و واشنتۆن بانگەشەی ئەوەی کرد کە باڵۆنەکە بۆ مەبەستی سیخوڕی بەکاردەهێنرێت. لە کاتێکدا پەکین ئیدیعای دەکرد کە باڵۆنێکە بۆ مەبەستی تەنیا مەدەنی، بە مەبەستی هێورکردنەوەی دۆخەکە، سەرۆک جۆ بایدن و هاوتا چینیەکەی، شی جینپینگ، لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ لە شاری سانفرانسیسکۆی ئەمریکا کۆبوونەوە و هەردوو سەرۆکەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی "دانوستانە سەربازییە ئاست بەرزەکان لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕێزگرتن دەستپێبکەنەوە.( فرانس ٢٤، ٢٠٢٣)

ئەمریکا تایوان بەکاردەهێنێت بۆ وروژاندنی چین لەڕووی جوگرافی و سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازی و ئابووری هەرکاتێک پێویست بکات(أسامة ، ٢٠٢٣، ص١٣٧).

دەتوانین بڵێین کە لەدەستدانی تایوان لەلایەن ئەمریکاوە و لکاندنی لەلایەن چینەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی هاوپەیمانەکانی واشنتۆن لە ئاسیا، لەوانەش فلیپین و کۆریای باشوور، بازنەی کارکردنی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا تێکدەدات و لە کۆتاییدا متمانەی ئەمریکا تێکدەدات. لەدەستدانی تایوان دەبێتە هۆی تێکدانی متمانەی ئەمریکا، چونکە هاوپەیمانییەکانی ئەمریکا لە زەریای هێمن لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە واشنتۆن توانای و ئامادەیی هەیە هاوپەیمانەکانی لە هەژموونی چین بپارێزێت. ئەگەر واشنتۆن شکست بهێنێت یان شکست بهێنێت لە بەرگریکردن لە تایوان، ئەوا بە شێوەیەکی سروشتی متمانەی هاوپەیمانەکانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە تایبەت ژاپۆن و فلیپین و کۆریای باشوور لەدەست دەدات.( مركز المعلومات ودعم اتخاذ القرار، ٢٠٢٣، ص١٧).

چین لە ئێستادا ئامادەی لکاندنی تایوان نییە بەهۆی ئەو کێشە ناوخۆییانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەتایبەتی بزووتنەوە جوداخوازەکان لە تبت و شینجیانگ، ئەمە جگە لە پشتیوانی سیاسی و سەربازی ئەمریکا بۆ تایوان. ئەمریکا مافی بەخۆی داوە بەرگری لە تایوان بکات ئەگەر چین هێز لە دژی بەکاربهێنێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە یاسای پەیوەندییەکانی تایوان لە ساڵی ١٩٧٩(مكنامارا - بلايت، ٢٠٠٣ ص ص ١٣١-١٣٢)

ئەمە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن لە گەشتەکەیدا بۆ ئاسیا ساڵی ڕابردوو ڕاگەیەندرا، کە تێیدا بە ڕوونی ڕایگەیاندبوو کە ئەمریکا بەرگری لە تایوان دەکات لە ڕووی سەربازییەوە ئەگەر چین هێز لە دژی تایوان بەکاربهێنێت( أحمد جلال محمود عبده، ٢٠٢٢،ص.١٤٨)، بۆیە چین ترسی ئەوەی هەیە کە ئەگەر هەوڵی لکاندنی تایوان بدات بە زۆرەملێ، پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا ڕوودەدات. هەروەها تایوان ترسی لەدەستدانی ئەو دەستکەوتانەی هەیە کە بەهۆی سەربەخۆییەوە بەدەستی هێناوە، دیارترینیان پاراستنی ئەمریکا و ئەو ئاستە پێشکەوتووانەی کە لە بوارەکانی ئابووری و زانستی و تەکنەلۆژیادا بەدەستی هێناوە.( مكنامارا - بلايت، ٢٠٠٣ ص ص١٣٢-١٣٣)

هەروەها هەوڵی تایوان بۆ سەربەخۆیی ئەمریکا ناچار دەکات تایوان بەجێبهێڵێت بۆ ئەوەی بە تەنیا ڕووبەڕووی پرسە ئەمنییەکانی وڵاتەکەی ببێتەوە، هەروەها ڕووبەڕووی هێرشێکی دیاریکراوی چینی دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەمریکا گەرەنتی بێ مەرج بۆ تایوان دابین بکات بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر دەستدرێژییەکی چینی، ئەوە هانی تایوان دەدات بۆ جیابوونەوە، ئەمەش پاڵ بە چینەوە دەنێت بۆ دروستکردنی بیری توندڕەو و بەم شێوەیە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن دەخاتە بەردەم مەترسی.( ابتسام ، ٢٠٠٥،ص.ص١٢١-١٢٢).

هەربۆیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەدەی بیست و یەکەمدا گۆڕانکارییەکی بنچینەیی بەخۆیەوە دەبینێت، کە دیارترینیان سەرهەڵدانی کۆماری چینی میللیە، ولەم چوارچێوەیەدا بیرمەندی ستراتیژی ئەمریکی (گراهام ئەلیسۆن) چەمکی "تەڵەی توسیدیدس"ی وەک چوارچێوەیەکی شیکاری بۆ تێگەیشتن لە مەترسیەکانی ململانێی نێوان زلهێزە تازەگەشەسەندووەکان و زلهێزەکان ناساند.، کە پرسی تایوان یەکێک بوو لەو خاڵە مەترسیدارانەی کە دەتوانێت ئەمریکا و چین بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی گەورە پاڵ بنێت، کە پرسی تایوان بە مەترسیدارترین سیناریۆ دادەنێت بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی نێوان چین و ئەمریکا، بۆ چین، تایوان بابەتی سەروەری

نەتەوەییە و هێمای تەواوبوونی (ڕینێسانسی چین)ە، و چ لەڕووی سیاسی و نە لە ڕووی مێژووییەوە کراوە نییە بۆ سازان. لە بەرامبەردا ئەمریکا تایوان وەک توخمێکی چارەنووسساز لە هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تاقیکردنەوەیەک بۆ متمانەپێکراوی پابەندبوونەکانی بە هاوپەیمانەکانی دەزانێت، وئەم پێکدادانە بنەڕەتییەی بەرژەوەندییەکان، تایوان دەکاتە خاڵێکی هەمیشەیی لەناو تەڵەی توسیدیدسدا، کە هەر پەرەسەندنێک یان حیساباتێکی هەڵە دەتوانێت ببێتە ململانێیەکی فراوان، ئەلیسۆن لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە ڕەفتاری هەردوو وڵاتی چین و ئەمریکا شی دەکاتەوە: (Wang & Allison,2024)

-چین ترسی ئەوەی هەیە کە پاراستنی دۆخی ئێستا سەربەخۆیی تایوان پتەوتر بکات یان ببێتە هۆی دەستێوەردانی هەمیشەیی نێودەوڵەتی، ئەمەش وای لێدەکات بیر لە چارەسەرێکی سەربازی بکاتەوە لەگەڵ گەشەکردنی توانا سەربازییەکانیدا.

-ئەمریکا ترسی ئەوەی هەیە کە وازهێنان لە تایوان پێگەی جیهانی لاواز بکات و سیستەمی هاوپەیمانی ئاسیا برووخێنێت، ئەمەش وای لێدەکات کە حەزی لە ڕێگریکردن بێت بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بکێشرێتە ناو شەڕەوە.

ئەم هاوسەنگییە کە لەسەر بنەمای ڕێگریکردن و ناڕوونی ستراتیژی دامەزراوە، خۆی سەرچاوەی مەترسییە، چونکە حیساباتی هەڵە دەتوانێت ببێتە هۆی پێکدادانێکی چاوەڕوان نەکراو.

گراهام ئەلیسۆن داوای کۆمەڵێک ڕێوشوێن دەکات بۆ ئەوەی نەکەوێتە تەڵەی توسیدیدسەوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

بەڕێوەبردنی کێبڕکێ لەبری هەوڵدان بۆ هەژموونی ڕەها، و لەلایەکی ترەوە پاراستنی کەناڵەکانی پەیوەندی سەربازی و سیاسی هەمیشەیی، و مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی تایوان وەک قەیرانێک کە دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت نەک بە زۆر چارەسەر بکرێت، گراهام پێیوایە کە سەرکەوتنی سەرکردە سیاسییەکان لە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە فاکتەری یەکلاکەرەوەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ.(Wang & Allison,2024 )

ئەوەی ڕاستی بێت، تایوان پرسێکە نوێنەرایەتی کێبڕکێی ستراتیژی نێوان چین و ئەمریکا دەکات، بەو پێیەی ڕەهەندەکانی سەروەری چین لەگەڵ ئەوانەی هەژموونی ئەمریکا تێکەڵ دەکات، مەسەلەکە ئیتر تەنیا ناکۆکییەکی نییە لەسەر خاک، بەڵکو بووەتە نیشاندەرێک بۆ سروشتی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

ئەوەی شایانی باسە، چین تایوان وەک پرسێکی وجودی دەبینێت کە پەیوەندی بە سەروەری و یەکێتی نەتەوەییەوە هەیە، کە لە پرۆژەی "گەنجبوونەوەی نیشتمانی چین" جیا ناکرێتەوە. بۆیە هەر درێژەدان بە دۆخی ئێستا لە هۆشیاری ستراتیژی چینیدا وەک دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ناهاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی ئەمریکا لێکدەدرێتەوە. لەگەڵ زیادبوونی توانا ئابووری و سەربازییەکانی چین، تادێت قورستر دەبێت بۆ پەکین کە بەردەوام بێت لە قبوڵکردنی دۆخێک کە وەک پێشێلکارییەک بۆ سەر شەرعیەتی مێژوویی و سیاسی خۆی هەستی پێدەکات.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئەمەریکا نەک تەنها لەبەر بەها دیموکراسیەکان بەرگری لە تایوان دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی تێدەگات کە لەدەستدانی تایوان پێگەی خۆی وەک زلهێزێکی باڵادەست لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لاواز دەکات و سیگناڵی نەرێنی بۆ هاوپەیمانەکانی دەنێرێت. بۆیە پشتیوانی ئەمریکا بۆ تایوان بەشێکە لە ستراتیژییەکی فراوانتر کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرهەڵدانی چین و ڕێگریکردنە لەوەی ببێتە هەژموونێکی ناوچەیی کە بتوانێت گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی جیهانی خێراتر بکات.

دەتوانین بڵێین، گرژیی دەوروبەری تایوان بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی بنەماکانی تیۆری گواستنەوەی دەسەڵاتە. هەژموونێکی خۆڕازی (ئەمریکا) ڕووبەڕووی هێزێکی ناڕازیی سەرهەڵدەدات (چین) دەبێتەوە و هەریەکەیان لە ساتێکی یەکگرتنی ڕێژەیی لە هاوسەنگی هێزدا هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن. تایوان لەم چوارچێوەیەدا مەترسیدارترین خاڵە لە خۆڵێدان، چونکە لە یەک کاتدا دەست دەخاتە سەر پرسەکانی سەروەری و پرێستیژ و ڕێگریکردن.

لە کۆتاییدا پێموایە پرسی تایوان لە ناوەندی ڕکابەریی نێوان چین و ئەمریکادا دەمێنێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی هۆکاری ململانێکانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاوێنەیەکی ڕەنگدانەوەی گۆڕانی سیستەمی نێودەوڵەتییە. تا چین لە گەیشتن بە یەکسانی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا نزیک بێتەوە، ئەم بابەتە هەستیارتر دەبێت و ئەگەری گواستنەوە لە کێبڕکێیەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە زیاتر دەبێت، هەرچەندە ئەمە حەتمی نییە.

**تەوەرەی دووەم: کێبڕکێی بازرگانی**

زاراوەی "شەڕی بازرگانی"[4] بە گشتی وەک ململانێیەکی ئابووری دەڕوانیین کە لە ئەنجامی پاراستنی پارێزبەندییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە وڵاتان باج یان بەربەستی بازرگانی لە دژی یەکتر بەرز دەکەنەوە یان بونیات دەنێن لە وەڵامی بەربەستە بازرگانییەکانی لایەنی بەرامبەردا.

ئامانجیش لەمە ئەوەیە تا بتوانرێت کاریگەری لەسەر پێگەی ئابووری و بازرگانی یەکتر هەبێت، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی سەپاندنی چەندین جۆر وەک(باج، یان سنووردارکردنی گومرگی)(.Hammed, ,2019-2020,p.62 ).

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ سنووردارکردنی سەرهەڵدانی چین، چەندین ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چین لە ڕووی

---

[4] - شەڕی بازرگانی بریتییە لە ململانێی نێوان دوو وڵات یان زیاتر کە ڕێوشوێنە ئابوورییەکان وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکان، نەک پەنا بۆ ململانێی سەربازی ببات. ئەم ڕێوشوێنانە بریتین لە باج، قەدەغەکردنی هەناردەکردن، سزای دارایی، سنووردارکردنی تەکنەلۆژیا و دەستێوەردانی بازاڕ. شەڕی بازرگانی بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی لاوازکردنی ڕکابەرەکان و پاراستنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و پاراستنی باڵادەستی ئابوورییە، ولە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، زۆرجار شەڕی بازرگانی لە نێوان زلهێزە گەورەکاندا سەر هەڵدەدات کاتێک زلهێزێکی باڵادەست هەوڵی خاوکردنەوەی سەرهەڵدانی زلهێزێکی بەرزبووەوە دەدات، یان کاتێک دەسەڵاتێکی بەرزبووەوە هەوڵدەدات تەحەدای دۆخی ئێستا بکات. لە کاتێکدا کە تێچووی کەمتری هەیە لە شەڕی سەربازی، بەڵام کاریگەرییان لەسەر بازرگانی و سەقامگیری ئابووری و سەقامگیری سیاسی جیهانییە. بڕوانە:(Zeng, 2004)

بازرگانی و تەکنەلۆژیاوە، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە گەشەسەندنی چین لە بوارە گرنگەکاندا کە یارمەتیدەرێکی زۆر دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٧دا کورتهێنانی بازرگانی ئەمریکا لەگەڵ چین گەیشتە ٣٧٥ ملیار دۆلار، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بە سەپاندنی باج لەسەر هاوردەی ئەمریکا لە چینەوە بە بەهای ملیارەها دۆلار، شەڕی بازرگانی لەگەڵ چین دەستپێکرد،لە مانگی ئازاری ٢٠١٨ەوە هەردوو وڵات باجی گومرگی لەسەر هاوردەکردنی یەکتری ئاڵوگۆڕ دەکەن، کە زۆرێک بە شەڕی نێوان دوو جەمسەری ئابووری جیهانی بۆ هەژموونی ئابووری جیهانی دەزانن، و لە چوارچێوەی ئەم شەڕە بازرگانیەدا، لە ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا هەوڵیدا کۆمپانیا ئەمریکیەکان ڕازی بکات کە وەبەرهێنان لە چین دەکەن، کارەکانیان بگوازنەوە بۆ ئەمریکا، ترامپ داوای لە ئەپڵ کردووە کە بەرهەمەکانی لە ئەمریکا بەرهەم بهێنێت ئەگەر بیەوێت خۆی لە سەپاندنی باج لەسەر هاوردەکردنی چین لە چین بەدوور بگرێت. تەنانەت بەڵێنیشی داوە کە هاندانێکی بەرچاو لەم ڕووەوە پێشکەش بکات، وەک لێخۆشبوونی تەواوەتی لە باج، لە ڕوانگەی ئەمریکییەوە قەدەغەکردنی کۆمپانیا چینییەکان لە وەبەرهێنان لە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژی ئەمریکی و ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی ئەم تەکنەلۆجیایە بۆ چین، ڕێگری لە پلانەکانی چین دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندی تەکنەلۆژیای جیهان لە ژێر دروشمی "دروستکراوی چین ٢٠٢٥".( بدر ،٢٠٢٤،ص.٢٧٠)

ململانێی نێوان ئەمریکا و چین لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی جیهاندا ڕەهەندی تێکەڵاوی بەخۆیەوە بینیوە، دیارترینیان دەریای چینی باشوورە و لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە ملانێکان لەسەر وزە و بازرگانی و سەپاندنی هەژموونە، ڕەنگە مەترسیدارترین ڕەهەندی ئەم شەڕە ململانێ و بازرگانییە دەستپێشخەری ئابووریی "یەک ڕێگا"ی چینی بێت، یەک پشتێن یەک ڕێگا، کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئەوروپا دروست دەکات و ئامانجی بەستنەوەی ئەوروپایە بە ڕۆژهەڵات و ژاپۆن، کە لەلایەن ئەمریکاوە کۆنترۆڵکراون، ئەم دەستپێشخەرییە چینییە خۆی وەک مۆدێلێکی جیهانی بۆ گەشەپێدان دەخاتە ڕوو، بەو پێیەی سیاسەتی ئابوورییەکەی لەگەڵ خواستەکانی زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا دەگونجێت، هەروەها شایەنی باسە لێرەدا کە قەرزە چینییەکان لە ماوەی پێنج ساڵدا بە ڕێژەی (١٠-١٥% ) سوودیان کەمترە لە قەرزە ئەمریکییەکان، کە دەگاتە زیاتر لە (٢٥%)، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر قەرز لە ئەمریکاوە لەم ساڵانەی دواییدا. ئەوەی لەم دەستپێشخەرییە سەرنجڕاکێشەدا ئەوەیە کە توانیوەتی زۆرێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکای بۆ هاوکاری و وەبەرهێنان تێیدا ڕاکێشاوە، لەنێویاندا بانکە بەریتانیاییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکانی ئەمریکا، هەروەها سعودیە ڕێککەوتنی بە بەهای(٢٠) ملیار دۆلار وەک وەبەرهێنانێکی سەرەتایی لە ڕێڕەوی ئابووری چین و پاکستان واژۆ کردووە، هەروەها چین هەوڵی داوە ئیتاڵیا بخاتە ناو دەستپێشخەری ئابووری "یەک ڕێگا - یەک پشتێن یەک ڕێگا"[5] لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێوان هەردوو وڵات، هەروەها نزیکبوونەوەی لەگەڵ فەرەنسا بۆ پێکهێنانی هەماهەنگییەکی ئەورووپی(شریف ٢٠٢٢،ص.ص١١٧-١١٨).

هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئامانجی ستراتیژی سیاسەتی بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەهێشتنی هەر هێزێکی تازەگەشەسەندووە، کە هەڕەشە لە هەژموونی خۆی بکات بەسەر سەرکردایەتی جیهانیدا و سوود وەرگرتن بۆ قازانجی ئابووری و سیاسی خۆی، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناکۆکی بازرگانی خۆی لەگەڵ چین گرەو دەکات لەسەر بێتوانایی لە بەرگەگرتنی بەربەستە گومرگییەکان بەهۆی پشتبەستنی هەناردەی چین بە بازاڕەکانی ئەمریکا(الزغبي ،٢٠٢٢،ص٩)

ڕای توێژەر، شەڕی بازرگانی نێوان چین و ئەمریکا تەنیا ناکۆکییەکی پەیوەست نییە بە ڕەهەندی ئابووری ، بەڵکو درێژکراوەی ململانێی ستراتیژی نێوان زلهێزێکی باڵادەست (ئەمریکا) و زلهێزێکی سەرهەڵدەدات (چین). هەر وڵاتێک ئامرازی ئابووری بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی: سەپاندنی باج، سنووردارکردنی تەکنەلۆژیا و جێبەجێکردنی سزا داراییەکان. لە ڕوانگەی زانستییەوە ئەم ململانێیە ڕەنگدانەوەی تیۆری گواستنەوەی دەسەڵاتە، کە دەسەڵاتی باڵادەست هەوڵدەدات هەژموونی خۆی بپارێزێت، لە کاتێکدا دەسەڵاتی بەرزبووەوە هەوڵدەدات ڕێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی دووبارە دابڕێژێتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی قەبارەی گەشەسەندنی بێت، لە بەرامبەردا دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگای چین نوێنەرایەتی وەڵامێکی ستراتیژی دەکات بۆ سەرهەڵدانی چین. وەک ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەری ئابووری و سیاسی لە ڕێگەی بنیاتنانی ژێرخانی جیهانی و فراوانکردنی تۆڕەکانی بازرگانی و وەبەرهێنانەوە کاردەکات. ئەم دەستپێشخەرییە پشتبەستنی چین بە بازاڕەکانی ڕۆژئاوا کەمدەکاتەوە و هاوپەیمانی ئابووری نوێ پەروەردە دەکات، بەم شێوەیەش وەک بەشێک لە کێبڕکێی گشتی لەگەڵ ئەمریکادا جێگیر دەکات.

ئەوەی ڕاستی بێت،شەڕی بازرگانی و ئەم دەستپێشخەرییە ئابورییانە دوولایەنە لە ململانێیەکی پێکهاتەیی لەمێژینەی نێوان ئەو دوو زلهێزە، ململانێیەک کە لە دەیان ساڵی داهاتوودا ئایندەی سیستەمی نێودەوڵەتی لە قاڵب دەدات، جا چ لەڕێگەی هاوسەنگی و هاوکاری یان لەڕێگەی گرژی و ململانێی ڕاستەوخۆوە بێت.

پاڵنەرەکانی ملمڵانێی بازرگانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین، ئەمانەن:

- پاڵنەری ئابووری (کورتهێنانی بازرگانی و قەرزداری): ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست کورتهێنانی درێژخایەنی بازرگانییەوە دەناڵێنێت لەگەڵ زۆرێک لە هاوپەیمانیە بازرگانییەکانی، کە لە بەرهەمهێنانی بەرهەمە هەمەجۆرەکاندا، سوودێکی ڕێژەییان هەیە. گرنگترین

---

[5] پرۆژەیەکی جیهانییە کە لەلایەن چینەوە لە ساڵی ٢٠١٣ دەستپێکردووە و ئامانجی بەرزکردنەوەی پەیوەندی ئابووری و ژێرخانی نێوان ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقایە لەڕێگەی دروستکردنی تۆڕی ڕێگاوبان و دەریایی و بەندەر و هێڵی ئاسن و تۆڕی وزە. ئامانجی دەستپێشخەرییەکە ئاسانکاری بازرگانی و وەبەرهێنان و فراوانکردنی نفوزی چین و بەستنەوەی وڵاتانی بەشدار لەڕووی ئابووری و سیاسییەوەیە. بە سادەیی، دیدێکی ستراتیژییە بۆ گۆڕینی چین بۆ ناوەندێکی ئابووری جیهانی لە ڕێگەی هاوکاری نێودەوڵەتی و پەرەپێدانی تۆڕەکانی ژێرخانی جیهانی.بڕوانە: (لي،2025)

ئەو هاوبەشانە بریتین لە چین، کەنەدا، مەکسیک، ژاپۆن، ئەڵمانیا، جگە لە وڵاتانی دیکە، کە زیاتر هەناردەی ئەمریکا دەکەن لەوەی هاوردەیان دەکەن بەهۆی نەبوونی پێویستییان بە بەرهەمە ئەمریکییەکان(Kimberly, 2020)
بەشێوەیەکی گشتی ئەم کورتهێنانە، گەیشتە (٨٩١) ملیار دۆلار کە(٦٥%)ی کورتهێنانەکەش بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی[6] لەگەڵ چین دەگەڕێتەوە، ئەم زیادبوونەی کورتهێنان سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا سیاسەتی پاراستنی بازرگانی گرتەبەر، کە بەهیوای ئەوەی هاوردەی ئەمریکا کەمبکاتەوە و کورتهێنانی بازرگانی کەمبکاتەوە، کورتهێنانی بازرگانی ئەمریکا لەگەڵ چین بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ توانای چین بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین بەرهەم بە تێچووی زۆر کەمتر بە بەراورد بەو بەرهەمە هاوشێوەکانی کە لە ئەمریکا بەرهەم دەهێنرێن، ئەمەش وایکردووە زۆرێک لە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا کارەکانیان بگوازنەوە بۆ چین،لە هەوڵێکدا بۆ کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان، ئەمەش لە بەرامبەردا بووە هۆی گواستنەوەی سەرمایە لە ئەمریکاوە بۆ چین، ئەمە جگە لەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر هەلی کار لە ئەمریکادا هەبوو. هۆکارێکی دیکەی خراپتربوونی کورتهێنانی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات ئەوەیە کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەزەحمەت تێچووی بەرهەمهێنان لە کورتخایەندا کەمبکەنەوە. ئەمەش وایکردووە کۆمپانیا گەورەکان و وەبەرهێنەرەکانی ئەمریکا کارەکانیان بگوازنەوە بۆ چین، ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی تێچووی کارەوە بووەتە پەناگەیەک. بەڵام ئەمە وایکردووە ئەمریکا باجەکەی لە شێوەی بەرزی ڕێژەی بێکاری و بووە هۆی دابەزینی توانای کێبڕکێی بازاڕی ئەمریکا بدات. لە ئەنجامدا چین بووەتە یەکێک لە گەورەترین قەرزدەرەکانی ئەمریکا قەرزدەرەکانی ئەمریکا، قەرزەکانی لە ساڵی٢٠١٩ زیاتر تریلیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە(Kimberly, 2020)
-پاڵنەری سیاسی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت پێگەی خۆی وەک گەورەترین زلهێزی جیهان بپارێزێت، و بە پەرەسەندنی خێرای چین و هەوڵدان بۆ سەرکردایەتیکردنی ئابووری جیهانی، هەڕەشە لە پێگەی ئەمریکا دەکات، ئەم دۆخەش لەگەڵ دیدگای سەرکردەکانی ئەمریکادا ناگونجێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو توانا و مانۆڕ و فشارانەی کە هەیانە بۆ ڕێگریکردن لە دەسنتدانی ئەم پێگەیە، کە گەرەنتی بەردەوامی زیندوویی ئابووری و هەژموونی جیهانی دەکات، ئەمە بە تایبەتی بەو پێیەی کە ئەمە پەیوەندی ئەوتۆی بە خۆشگوزەرانی گەلی ئەمریکا و بەردەوامی بەکاربەرییانەوە هەیە، جگە لەوەش یەکێکە لە گرنگترین پرسە ستراتیژییەکان کە گەرەنتی دەنگی سیاسەتمەداران و سەرکردەکان دەکات لە نێوان دوو حزبە گەورەکەی ئەم وڵاتەدا، بۆیە وڵاتێکی وەک ئەمریکا کە سامانی جیهانی تێدا چڕ بووەتەوە و دەوڵەمەندترین و کاریگەرترین و بەهێزترین کەسەکان لە خۆدەگرێت، بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لە دۆخی ئێستا قبوڵ ناکەن( The world bank ,2019)
-پاڵنەری تەکنەلۆژی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چین تۆمەتبار دەکات بەوەی کە سیاسەتی جیاکاری پەیڕەو دەکات لە دژی کۆمپانیا بیانییەکان کە لەو وڵاتەدا کاردەکەن، بە سەپاندنی ڕێوشوێنی سنووردارکردن بە زۆرەملێ بەسەر کڕینەکانیاندا، و داوا لەو کۆمپانیایانە دەکات کە نهێنییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا چینییەکان هاوبەش بکەن، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەمریکاوە بە گواستنەوەی تەکنەلۆژیای زۆرەملێ پۆلێنی دەکات، شارەزایان پێیان وایە کێشەکە بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی چین لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا زیاتر بووە، گۆڕانی ڕۆڵی بلۆکە ئابوورییە گەورەکان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کلیلی تێگەیشتنە لە سەرەتای شەڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات و

---

[6] **خشتەی ئالوگۆری بازرگانی وڵاتانی نێوان ئەمریکاو چین بۆ ساڵی 2023-2024:-**

| داتاکان | بەها بە دۆلاری ئەمریکی | ڕێژەکەی |
|---|---|---|
| تێکڕای قەبارەی ئالوگۆڕی بازرگانی | 582.4-583ملیاردۆلار | گۆرانکاریەکی کەم لە نێوانیاندا ڕوویداوە |
| هاوردە کردنی ئەمریکا لە چینەوە | 438.9 -427 ملیار دۆلار | (2،8%) لە ساڵی 2024 کەچی لەساڵی 2023(2.7%) بوو واتا کەمی کردووە |
| هەناردەی ئەمریکا بۆ چین | 143.5ملیار دۆلار | لەساڵی2024(2.9%)کەچی لەساڵی 2023(3%) بوو واتا زیادی کردووە |
| کورتهێنانی بازرگانی (لەبەرژەوەندی چین) | 295.4ملیار دۆلار | کورتهێنان بە ڕێژەی 5،8% زیادی کردووە |

**محمد سناجله**، تجارة أمیرکا والصین تربو علی 600 ملیار دولار.. فکیف ستُدار حرب الرسوم؟بڵاوکراوەتەوە **لە 8-4-2025 بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(موقع الجزیرة نیت) لەم لینکەی خوارەوە بەردەستە:**
https://www.aljazeera.net/ebusiness/2025/4/8/%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D9%85%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%A3%D9%85%D9%8A%D8%B1%D9%83%D8%A7-%D8%AA%D8%AC%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%A9-%D8%B1%D8%B3%D9%88%D9%85
ڕۆژی سەردانیکردن: 2026-2-7

گواستنەوەی بۆ شەڕی تەکنەلۆژیا، گەشەی چین و هەوڵدان بۆ سەرکردایەتیکردن لە بواری ئابووری و تەکنەلۆژیای جیهانیدا وایکردووە ئەمریکا هەست بکات کاریگەرییەکەی هەڕەشەیە بۆ پێگەکەی، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چینی بە دزینی خاوەندارێتی فیکری و سیخوڕی پیشەسازی تۆمەتبار کردووە لە بەرامبەر دەستڕاگەیشتنێکی زیاتر بە کاڵا و وەبەرهێنان لە بازاڕی چین، حکومەتی ئەمریکا مەزەندە دەکات کە کۆی گشتی ئەو موڵک و ماڵی فیکرییەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لەلایەن چینەوە دزراوە، لە نێوان ساڵانی(٢٠١٣-٢٠١٧)( ١.٢ )ملیار دۆلاردایە، . کاتێک کۆمپانیا ئەمریکییەکان ڕوویان لە چین کرد بۆ ئەوەی سوود لە کەمکردنەوەی تێچووی کار وەربگرن، نرخەکەی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و مافی خاوەندارێتی فیکریی خۆیان بوو. ئەم بابەتە ئێستا لە مەترسیدایە بۆ باڵادەستی سەربازی ئەمریکا، کە ئێستا نەک لەسەر قەبارەی گەورەی سوپا، بەڵکو لەسەر بنەمای سیستەمی چەکی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووە، هەرچەندە حکومەتی چین ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە لەسەری، بەڵام دانی بە کاریگەری پرۆژەکانی توێژینەوە و پەرەپێدانی هاوبەشدا دانا لە پاڵپشتیکردنی ئابووری چین، چین (١٥٠) دۆلاری تەرخانکرد بۆ خەرجکردنی بۆ پیشەسازییە تەکنەلۆژییەکان و داهێنان و زیرەکی دەستکرد وەک بەشێک لە دیدگای خۆی بۆ ساڵی ٢٠٢٥.((Mouritz, ,2017,p.179.

-پاڵنەری دابەزینی بەهای دراو: دابەزینی بەهای دراو: لە ساڵی ١٩٩٤ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چینی وەک دەستکاریکەری دراو پۆلێن کرد، بانکی ناوەندی چین ڕایگەیاند کە دراوی ناوخۆیی خۆی ئازاد دەکات، بەڵام تا ئەو ڕادەیەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر توانای کێبڕکێی هەناردەی چینی لەسەر ئاستی جیهانی و کاردانەوەکانی لەسەر دامەزراندن و گەشەی ئابووری نابێت، بۆیە هەرکاتێک لە ئاستێکی دیاریکراو نزیک ببووەوە، بەردەوام دەبوو لە کۆنترۆڵکردن و پشتگیریکردنی دراوەکە، هەروەها یەدەگی دراوی بیانی بانکی ناوەندی چین (٣) ترلیۆن یوانی تێپەڕاندووە. لە بەرامبەردا یەدەگی فیدراڵی ئەمریکا نزیکەی (١٢٠ )ملیار دۆلاری یەدەگی هەیە، ئەمەش یارمەتی حکومەتی داوە کە بەهای یوانی چینی دابەزێنێت و هانی خواست لەسەر بەرهەمە ناوخۆییەکان بدات، وایکردووە کەلوپەلی هاوردە گرانتر بێت، حکومەتی چین حکومەتی ئەمریکای بە هەڵگیرسانی ململانێکان تۆمەتبار دەکات و ئەو کارانەی حکومەتی ئەمریکا ئەنجامی دەدات هەوڵێکە بۆ دامرکاندنی گەشەی چین و هەڕەشەکردنە سەر ئابووری جیهانی بە گشتی، جگە لەوەش چین بە شێوەیەکی دەستکرد هەڵاوسانی دروستکردووە بۆ ئەوەی نرخی ئاڵوگۆڕەکەی دابەزێنێت، حکومەتی چین بەهای یوانەکەی دابەزاندووە بۆ زیادکردنی هەناردەی چین، بەمەش بەهای کڕینیان بە دراوی بیانی کەم دەبێتەوە، ئەمریکا ئەم ڕێوشوێنە وەک هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی باج لەسەر هەناردەکردنی چین بۆ ئەمریکا دەبینێت، لە کاتێکدا پێدەچێت ئەمە لە بەرژەوەندی بەکارهێنەرانی جیهانیدا بێت، کە ئێستا دەتوانن کاڵا و بەرهەمی چینی زیاتر بە نرخێکی کەمتر لە پێشوو بکڕن، بەڵام مەترسییەکانی دیکەش هەڵدەگرێت. چین قەرزەکانی ئەمریکای بەکارهێناوە بۆ وەبەرهێنان لە پسوولەی گەنجینەی ئەمریکا، بەمەش توانای کاریگەری لەسەر سیاسەتی دارایی و کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی سوودی ئەمریکا بە زیادکردنی دابینکردنی دۆلار بەدەستهێناوە، هەروەها حکومەتی ئەمریکا ئەمەبەهەڕەشە دادەنێت ، چونکە بەرزبوونەوەی ڕێژەی سوود ئابووری ئەمریکا مەترسی پاشەکشەی هەیە، شایەنی باسە چین زیادە ئابورییەکەی لەگەڵ ئەمەریکا لە قەرزی گەنجینەی ئەمریکا وەبەرهێناوە، هۆکاری وەبەرهێنانی چین لە قەرزەکانی گەنجینەی ئەمەریکا بۆ پاراستنی نزمی نرخی هەناردەکردنە، ئەمە جگە لەوەی نرخی دراوەکەی بە نزمیی دەهێڵێتەوە بە بەراورد بە دۆلاری ئەمریکی لەڕێگەی دەستوەردانی بانکی گەلی چین، کە دەتوانێت یوانی چینی بەپێی پێویست چاپ بکات لە بەرامبەر کڕینی دۆلاری ئەمریکی لە هەناردەکارانی چینی و هێشتنەوەی وەک یەدەگ. یەدەگی دراوی بیانی چین نزیکەی (٣) تریلیۆن دۆلارە.( عرفان ، ٢٠١٣،ص١٦١).

یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ناکۆکی بازرگانی نێوان ئەمریکا و چین بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا چینییەکانە لە بازاڕی ئەمریکادا، کە بەکاربەرانی ئەمریکی لە ئەستۆ دەگرن و لە ئەنجامدا، دابەزینی داهاتی ڕاستەقینە لە ئەمریکادا، و هەناردە و هاوردەکردن بۆ ئەمریکا و چین کەمیکردووە لە ئەنجامی ئەو سنووردارکردنانەی هەردوولا بەسەر یەکتردا سەپاندوویانە، پاساوەکانی ململانێ و هەڵگیرسانی شەڕی گومرگی لە چوارچێوەی ئابووریی سیاسی نێودەوڵەتیدا ڕوونکراوەتەوە و ئامانجی ململانێکە کۆنترۆڵکردنی جیهانە.، وچین گەورەترین هاوبەشی بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەڵام پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی قەرزەکان لە لایەنی ئەمریکی، زیاتر لە لایەنی چینی، بەو پێیەی بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دەکات. سیاسەتێکی پارێزگاریخوازانە دەسەپێنێت بۆ پاراستنی ئابوورییەکەی، ئەمە جگە لەوەی پابەندنەبوون بە هەڵکشانی دراوی ناوخۆیی خۆی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی، شەڕی بازرگانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کەرتی بەرهەمهێنانی هەناردەکردن هەبووە، کە بزوێنەری سەرەکی گەشەسەندنی یەکێتی ئەوروپایە. ئەمەش وایکردووە سیاسەتەکانی یەکێتی ئەوروپا پشتیوانی حکومەت بکەن بۆ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی.( هناء ،٢٠٢١،ص١٩٨)، لێرەدا کۆمەڵێک ئامار دەخەینەڕوو لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان کۆماری چینی میللی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئومریکا لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢٥)، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە

خشتەی ژمارە(١,١):

| ساڵ | هەناردەی ئەمریکا بۆ چین | هەناردەی چین بۆ ئەمریکا | کۆی گشتی بازرگانی |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ١٢٠ملیار دولار | ٥٣٩ملیار دۆلار | ٦٥٩ملیار دۆلار |
| ٢٠١٩ | ١٠٦ملیار دۆلار | ٤٥١ملیار دۆلار | ٥٥٧ملیار دۆلار |
| ٢٠٢٠ | ١٢٥ملیار دۆلار | ٤٣٥ملیار دۆلار | ٥٦٠ملیار دۆلار |
| ٢٠٢١ | ١٥١ملیار دۆلار | ٥٠٥ملیار دۆلار | ٦٥٦ملیار دۆلار |
| ٢٠٢٢ | ١٥٤ملیار دۆلار | ٥٣٦ملیار دۆلار | ٦٩١ملیار دۆلار |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |

ئامادەکردنی توێژەر، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

What is the value of US trade with China?, usafacts, 14/2/2026:
https://usafacts.org/answers/what-is-the-value-of-us-trade/countries/china

تراجع حجم التجارة بين الصين والولايات المتحدة بنسبة 16.6% خلال العشرة الأشهر الأولى، موقع سبأ، تاريخ النشر ٧/نوفمبر/٢٠٢٥:
https://www.saba.ye/ar/news3584834.htm?file_id=1

الحرب التجارية بين الولايات المتحدة والصين: تسلسل الزمني، موقع china-briefing، تاريخ النشر 2020/8/25:
https://www.china-briefing.com/news/the-us-china-trade-war-a-timeline/

لەم ڕووەوە دەگەینەئەوەی، پاڵنەرەکانی پشت ناکۆکی بازرگانی نێوان ئەمریکا و چین لە بنەڕەتدا پەیوەستن بە ململانێی هەژموونی ئابووری و ستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. ئەمریکییەکان هەوڵدەدەن پێگەی خۆیان وەک هێزی باڵادەست بپارێزن و سەرهەڵدانی خێرای چین وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر هەژموونی نەریتی خۆیان سەیر دەکەن، بەتایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیا و پیشەسازییە ستراتیژییەکان.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، چین ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی و بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێی جیهانی و کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە بازاڕەکانی ڕۆژئاوا و زنجیرە دابینکردنی ئەمریکایە. هەروەها ئەم ناکۆکییە ڕەنگدانەوەی ئەو پرسانەی پەیوەستە بە خاوەندارێتی فیکری، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و یارمەتییەکانی حکومەت بۆ پیشەسازییە ناوخۆییەکان- هەموو ئەمانە ئامرازەکانی خەباتی ئابووری و سیاسین لەناو کێبڕکێیەکی فراوانتردا، هەربۆیە پاڵنەرەکانی پشت ئەو ناکۆکییە تەنیا ئابووری نین، بەڵکو لە بنەڕەتدا ستراتیژی و سیاسین، کە ڕەنگدانەوەی ململانێیەکی گەورەی هێزە لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیی ئێستا و داهاتوو.

**تەوەرەی سێیەم: کێبڕکێی تەکنەلۆژیا**

تەکنەلۆژیا دیارترین ئامرازە بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتن بۆ گەلان، لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆتە یەکێک لە گرنگترین پێکهاتەکانی دەسەڵاتی نەتەوەیەک، ئەوانەی خاوەنی کلیلی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتن، هۆکاری ئەم ڕۆڵە سەرەکییە ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا بەرفراوان بووە ، وتەنانەت ڕۆڵی لە هێندەکردنی قەبارە و کاریگەریی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتدا هەیە، هەموو ئەمانە وایکردووە گەلان کێبڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارە لە دەستکەوتە زانستییەکان و تەرخانکردنی بڕێکی زۆر لە بودجەکانیان بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان، بەو پێیەی ئامرازی سەرەکییە بۆ داهێنان و گەشەپێدانی تەکنەلۆژیا لە بوارە جیاوازەکاندا، گەیشتن بە پێگەیەکی پێشەنگ لە پێشبڕکێی زانست و تەکنەلۆژیدا دەتوانێت هەستێکی دڵنیایی سەبارەت بە ڕۆڵی نێودەوڵەتی و پێگەی نەتەوەیەک لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دابین بکات، ئەمەش وای لێدەکات کە مەرجە کێبڕکێیەکانی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت و تەنانەت کۆنترۆڵی ڕێڕەوەکانی دەسەڵاتی داهاتوویان بکات، جا چ بە زۆر بێت یان بە ڕەزامەندی.( زینة ،٢٠٢٣،ص٢.)

تەکنەلۆژیا بۆتە یاریزانێکی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وبە فاکتەرێکی دەسەڵات و پێوەرێکی پەسەندکردن بۆ فاکتەرەکانی تری دەسەڵات دادەنرێت، کە ڕاستەوخۆ و کاریگەرانە بەشداری دەکات لە گۆڕینی سروشتی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان و گۆڕینی شێوازەکانی کارلێکی نێوان ئەم ئەکتەرانە و لە کۆتاییدا گۆڕینی ڕێساکانی کۆنترۆڵکردن و نۆرمەکەی لەناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا لەسەر بنەمای داتا تەکنەلۆژییەکان کە لە پێکهاتەی توخمەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێن.(زینة،٢٠٢٣،ص٣).

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین بە ڕوونی درکیان بەم ڕاستیانە کردووە، بەو پێیەی یەکەمیان جەمسەری ناوازە و بەهێزترینە لەسەر ئاستی جیهانی، بەتایبەتی لەسەر ئاستی تەکنەلۆژی، چینیش جەمسەرێکی بەهێزە کە لە هەڵکشاندایە، هەوڵدەدات ئەو شتە بەدەستبهێنێت کە دەتوانرێت پێی بڵێین گۆڕانی جەمسەری، شتێک کە جەمسەری ئەمریکا خۆی چاوەڕوانی دەکات لەگەڵ هاتنە ناوەوەی دەیەی سێیەمی

سەدەی ئێستادا، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کێبڕکێی نێوان هەردوولا چڕتر دەبێتەوە، هیچ هەوڵێک و پارە و ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی، سیاسی و میدیایی ناپارێزێت. لەچوارچێوەی ئەم کێبڕکێ حەتمییە، ئەمریکا ئێستا زیاتر سەرچاوەکانی خۆی بۆ کەرتی تەکنەلۆژیا، بەتایبەتی لە بواری تەکنەلۆجیای کوالیتی بەرزدا خەرج دەکات، ئەمەش دژایەتی ئەو ستراتیژییە پیشەسازییە دەکات کە چین دەستپێکردووە، کە بە ستراتیژی "دروستکراوی چین ٢٠٢٥" [7]ناسراوە، کە وایکردووە چین بتوانێت تواناکانی لە بواری تەکنەلۆژیای ئاست بەرزدا پەرەپێبدات، ڕۆڵی هەبووە لە پێشکەوتنی بواری سەربازی و ئابووریدا، هەروەها لە بواری بۆشایی ئاسمانی دەرەوەدا، بۆیە ئەمریکا هەوڵدەدات باڵادەستی خۆی لە بواری بۆشایی ئاسماندا بپارێزێت لە بەرامبەر سەرهەڵدانی چین و ڕووسیا، و توانای دامەزراندنی هێزی بۆشایی ئاسمان کە بتوانێت ئەرکی سەربازی لە بۆشایی ئاسمان ئەنجام بدات. ئەمەش دواتر پاڵ بە ئەمریکاوە دەنێت بۆ دامەزراندنی هێزی بۆشایی ئاسمانی ئەمریکی، کە هاوسەنگی هێز لە ئاستی سیستمی نێودەوڵەتیدا دەگۆڕێت و ئاستی ململانێی نێوان زلهێزە نێودەوڵەتییەکان بەرز دەکاتەوە بۆ ڕەهەندی نوێ کە لە سنووری وشکانی و دەریا و هەوا تێدەپەڕێت بۆ فراوانبوونی فراوانی بۆشایی ئاسمان، و لە خزمەتی ململانێی زلهێزەکان بۆ دەسەڵاتی جیهانی بەکاری دەهێنن. بەرزبوونەوەی خێرای چین و توانای زیادکردنی بەرهەمهێنانی ساڵانەی بۆ چوار هێندەی ئەمریکا، وایکردووە کە بە خێرایی لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژی ئەمریکیدا بگونجێت. بەم پێیە ڕکابەریترین وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا، ئەمەش مەترسی لەسەر پێگەی ئەمریکا دا هەیە وەک پێشەنگێک لە پەرەپێدانی تەکنەلۆژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. ئەمەش وایکردووە ئەمریکا ستراتیژی شەڕی بازرگانی لە پاڵ ستراتیژی خۆگرتنی خۆیدا پەیڕەو بکات.(زینة،٢٠٢٣،ص٤)

ئەم چوارچێوەیەش خۆی دەبینێتەوە لە "شەڕی ئەلیکترۆنی" ناسراوە، زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی گرژی و ململانێکانی نێوان ئەمریکا و چین لە بواری تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان بەکاردێت، ئەم زاراوەیە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە هەوڵەکانی چین بۆ پەرەپێدانی بەرهەمە تەکنەلۆژییە سەربەخۆکان و کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە تەکنەلۆژیا و بەرهەمە ئەمریکییەکان، ئەم هەوڵانە بووەتە هۆی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات و سەپاندنی سزای بەسەر یەکتر، حکومەتی سەرۆک (شی جینپینگ)، ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایە کە لە هەموو شتێکدا بەکاردەهێنرێن لە مۆبایلەوە تا کەلوپەلی چێشتخانە تا فڕۆکەی جەنگی، بە شتێکی چارەنووسساز دەزانێت بۆ ڕکابەرییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ واشنتۆن و هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی هەژموون و کاریگەریکردنە سەر جیهانی. (رقائق الإليكترونية) لە ناوەندی "جەنگی تەکنەلۆژیا"دایە. چین کۆمپانیای تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی چیپ، بەڵام تەنها پرۆسێسەری کوالێتی نزم دابین دەکەن، کە لە ئۆتۆمبێل و ئامێرەکاندا بەکاردەهێنرێن. حکومەتی ئەمریکا لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا(ئیدارەی یەکەمی)، دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵێک ئامراز و شێوازی دروستکردنی ئەم جۆرەتەکنەلۆژیایە بۆ سێرڤەری کۆمپیوتەر و زیرەکی دەستکرد و بەرنامە پێشکەوتووەکانی دیکەی پچڕاند. ژاپۆن و هۆڵەندا بەشدارییان لەگەڵ ئەمریکادا کرد لە سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە چین بۆ ئەو تەکنەلۆژیایەی کە دەتوانرێت بۆ دروستکردنی چەک بەکاربهێنرێت. (شی جینپینگ)، سەرۆکی چین، بە زمانێکی نائاسایی، واشنتۆنی تۆمەتبار کرد بەوەی کە هەوڵدەدات بە هەڵمەتێکی "دەستێوەردان و سەرکوتکردن" ڕێگری لە گەشەسەندنی چین بکات، داوای لە خەڵکەکەی کرد دژایەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا بکەن(Joe , website fortune, 2023)

چین هەوڵدەدات کۆمەڵێک ستراتیژی بۆ بەڕێوەبردنی پیشەسازی (رقائق الإلكترونية) بگرێتەبەر بۆ بەرپەرچدانەوەی فشار و سزاکانی ئەمریکا بەم شێوەیە:( نبيلة ، ٢٠٢٣،ص.ص٢٠-٢١).

یەکەم: زیادکردنی ناوەندگەرایی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حزبی شیوعی بەسەر بەڕێوەبردنی پیشەسازیی ئەم تەکنەلۆژیایە و داڕشتنەوەی وەزارەتی زانست و تەکنەلۆجیا و دانانی هەموو دەستپێشخەرییە تەکنەلۆژییەکان لەژێر چاودێری حیزبدا.

دووەم: گۆڕینی ستراتیژی پاڵپشتی دارایی بۆ پیشەسازی ئەم تەکنەلۆژیایە ، گرنگیدان بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە کۆمپانیا گەورەکان، وەک هواوی و SMIC و پێدانی شوێنی زیاتریان بۆ بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتدا.

سێیەم: گرنگیدان بە سزاکانی ئەمریکا و دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ڕۆژئاوایی.

چوارەم: دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بە تێگەیشتن لە سیستەمی کۆمپانیا ئەمریکی و هۆڵەندی و تایوانی و ڕاکێشانی کرێکاری لێهاتوو لە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان بۆناو ناوخۆی چین یان لە تایوان بۆ کارکردن لە کۆمپانیا چینییەکان.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە باشترکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ ژاپۆن و هۆڵەندا و کۆریای باشوور، بەتایبەتی ئەم دووەمیان کە بۆ چین گرنگە. کۆمپانیا کۆرییەکانی وەک سامسۆنگ و ئێس کەی هاینیکس کە(٥%)ی کۆی بازاڕی تەکنەلۆژی جیهانیان بەدەستەوەیە، ڕکابەرییەکی زۆر لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی ناوخۆی چین دەکەن.

ئەمریکا هەژموونی تەکنەلۆژییەکەی بە ڕوونی لە ژێر هەڕەشەدایە لەلایەن چینەوە بەهۆی بنکە پیشەسازییە بەرفراوانەکەیەوە، ئەمەش پێشەنگی پێبەخشیوە لە هێنانی داهێنانی نوێ بۆ بازاڕە جیهانییەکان بە نرخێکی کێبڕکێکار. چین پێشتر لە بواری تەکنەلۆژیدا چاوەڕوانییەکانی واشنتۆنی تێپەڕاندووە، ئەمەش وایکردووە واشنتۆن سنووردارکردنی بازرگانی بەکاربهێنێت بۆ سنووردارکردنی بەرزبوونەوەی چین لەم بوارانەدا. هەروەها دەتوانرێت ئەم تەکنەلۆژیایانە لە پەرەپێدانی چەکدا بەکاربهێنرێت، جا چ چەکی ئاسایی بێت، سیستەمی فرەلایەنی تر، یان تەکنەلۆژیای دوو بەکارهێنان، و هەوڵەکانی چین بۆ دەرکەوتنی وەک زلهێزێکی چیپ: چین هەوڵدەدات خۆی وەک زلهێزێکی پێشەنگی جیهانی

---

[7] پلانێکی پیشەسازی کە لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن حکومەتی چینەوە دەستپێکرد بۆ مۆدێرنکردنی ئابووری چین و گواستنەوە لە پشتبەستن بە پیشەسازییە تەقلیدییەکانەوە بۆ تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، ئامانجی بریتیە لە پەرەپێدانی پیشەسازی تەکنەلۆژیای بەرز وەک ڕۆبۆتیک، ئۆتۆمبێلی کارەبایی، فڕۆکە، زیرەکی دەستکرد، و وزەی نوێبووەوە، و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای بیانی، و چین بووە بە یاریزانێکی جیهانی لە داهێنانی پیشەسازی لە ماوەی دوو دەیەی داهاتوودا.

زانست و تەکنەلۆجیا وەک بەشێک لە ستراتیجی "ئاسایشی نیشتمانی هەمەلایەنەی"[8] خۆی جێگیر بکات، کە لەڕێگەیەوە پەکین پلانی هەیە ببێتە یەکێک لە زلهێزە پێشەنگەکانی جیهان لە بواری تەکنەلۆجیا و داهێناندا. لە دڵی ئەم ستراتیژەدا نیمچە هێڵکاری مایکرۆ ئەلیکترۆنی هەیە، کە بۆ هەموو تەکنەلۆژیا مەدەنی و سەربازییەکانی ئێستا و سەرهەڵدەدات. پەکین هیواداره ئەم چیپانە یارمەتی بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجە جیۆئابووری و جیۆپۆلەتیکیەکانی لە دەیەکانی داهاتوودا و جێگەی ئەمریکا بگرێتەوە وەک زلهێزی باڵادەست و پێشەنگی سیستەمی جیهانی ئێستا.( موقع المستقبل،٢٠٢٤)

ئەمریکا هانی کۆمپانیای تایوانی TSMC دەدات کارگەیەک لە ویلایەتی ئەریزۆنا بۆ بەرهەمهێنانی نانۆچیپ دروست بکات. هەروەها کارگەیەکی گیگافاب کە کارگەیەکی گەورەیە و پێشکەوتووە و کۆی گشتی وەبەرهێنانەکەی تا ساڵی ٢٠٢٧ (٤٠) ملیار دۆلار بووە، لەوێ دامەزرا. ئەمریکا کێبڕکێی خۆی لەگەڵ چین لە پیشەسازی نیمچە ڕێبەرەکاندا چڕتر کردووەتەوە، ئیدارەی بایدن یاسای (رقائق الإلکترونیة) و زانستی واژۆکرد، کە سیاسەتێکی پیشەسازییە بە بڕی(٥٢.٧) ملیار دۆلار و ئامانجی پێشخستنی توێژینەوە و بەرزکردنەوەی خۆڕاگری زنجیرەی دابینکردن و بوژاندنەوەی بەرهەمهێنانی نیمچە ڕێبەرەکانە لە ئەمریکا، وهاریکارییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بۆ سنووردارکردنی تەکنەلۆژیای چین: لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ ئیدارەی ئەمریکا بەرفراوانترین سنووردارکردنی تا ئێستا بەسەر پیشەسازیی بەرهەمهێنانی چیپی چیندا سەپاند، فرۆشتنی چیپی پێشکەوتووی چینی سنووردار کرد، ئەمەش چینی لەو هێزە کۆمپیوتەرە بێبەش کرد کە پێویستی پێیەتی بۆ ڕاهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر ئاستێکی بەرفراوان. هەروەها سنووردارکردنی ئامرازەکانی دروستکردنی چیپ فراوانتر دەکات بۆ ئەوەی ئەو پیشەسازیانە بگرێتەوە کە پشتگیری زنجیرەی دابینکردنی نیمچە هێڵکارەکان دەکەن. ئەمریکا ئەم کۆنترۆڵانەی بەهێزتر کرد لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤ بە ڕازیکردنی هۆڵەندا و ژاپۆن بۆ سنووردارکردنی هەناردەکردنی ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە بەرهەمهێنانی چیپدا بەکاردەهێنرێت، لەنێویاندا بۆ کۆمپانیای هۆڵەندیASML ، کە تاکە کۆمپانیایە کە توانای دابینکردنی نوێترین نەوەی ئامێری سکانەری لیتۆگرافی هەیە کە بۆ چەسپاندنی مایکرۆسێرکیتەکان لەسەر (تەکنەلۆژیای سیلیکۆن) بەکاردەهێنرێت(موقع المستقبل،٢٠٢٤)

کۆمپانیا ئەمریکییەکان ترسیان لە زیادبوونی سنووردارکردن هەیە: واشنتۆن پێشتر کۆمپانیا چینییەکانی خستۆتە لیستی ڕەشەوە بۆ ئەوەی لە زنجیرەکانی دابینکردنی تەکنەلۆژیای ئەمریکا داببڕێت، هەروەها سنووردارکردنی توندی هەناردەکردن دانراوە، ئەمەش وایکردووە کۆمپانیاکان داوای مۆڵەتی حکومەتی ئەمریکا بکەن بۆ هەناردەکردنی ئەو بەرهەمانەی کە تەکنەلۆژیای ئەمریکی تێدایە. هاوکات کۆمپانیاکانی چیپی ئەمریکی لە خەباتدان بۆ ئەوەی بازاڕی چین بپارێزن. بۆ نموونە کۆمپانیای Nvidia زیاتر لە(٩٠%)ی بازاڕی چیپی AI چین پێکدەهێنێت. کۆمەڵەی پیشەسازی نیمچە هێڵکاری ئەمریکا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و داوای لە کۆشکی سپی کرد سنووردارکردنی زیاتر بۆ هەناردەکردنی نیمچە هێڵکارییەکان بۆ چین نەسەپێنێت. ئەمەش دەتوانێت توانای کێبڕکێی پیشەسازی نیمچە هێڵکاری ئەمریکا لاواز بکات و زنجیرەی دابینکردن تێکبدات و وەبەرهێنانە نوێیە گەورەکان بخاتە مەترسییەوە.( موقع المستقبل،٢٠٢٤)

لە سەردەمی مۆدێرن دا (Semiconductors) بوونەتە بەشێکی دانبڕاوی ئامێرە دیجیتاڵییە مۆدێرنەکان، لە مۆبایل و کۆمپیوتەرەوە تا ئۆتۆمبێلی زیرەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، لەگەڵ پێشکەوتنی زیرەکی دەستکرد و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی تر، چیپەکان گۆڕاون بۆ ئامرازێکی ستراتیژی کە کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و سەربازی گەلان هەیە، لێرەدا (کریس میلەر) لە کتێبە بەناوبنگەکەی دا بەناونیشانی (جەنگی چیپ: شەڕ بۆ گرینگترین تەکنەلۆژیای جیهان)، ئاماژە بەە دەدات کە چۆن ئەم چیپە بچووکە سیلیکۆنانە بوونەتە بەردی بناغەی ململانێ نێودەوڵەتییە مۆدێرنەکان، بەتایبەتی نێوان ئەمریکا و چین و تایوان، بە گرنگیدان بە ڕۆڵی چیپەکان لە ئابووری و تەکنەلۆژیا و ئاسایشی نیشتمانیدا، هەربۆیە میلەر تیشک دەخاتە سەر ئەووی کە ململانێکانی داهاتوو زیاتر تەکنەلۆژی دەبن نەک بە شێوەیەکی نەریتی سەربازی، ئەو وڵاتانەی کە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی چیپی پێشکەوتوو دەکەن کۆنترۆڵی: (Miller, 2022)

-پەرەپێدانی زیرەکی دەستکرد و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی مۆدێرن.

-بەهێزکردنی توانای سەربازی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی.

-سەپاندنی هەژموونی ئابووری و سیاسی بەسەر وڵاتانی دیکەدا بە کۆنترۆڵکردنی زنجیرەی دابینکردنی جیهانی.

وبە پشتبەستنی جیهان بە ژمارەیەکی سنووردار لە بەرهەمهێنەرانی چیپ، بەتایبەتی لە تایوان، دەبێتە خاڵێکی لاوازییەکی ستراتیژی کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری نێودەوڵەتی دەبێت.

